https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.01

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# سروشتی ململانێی ئاینی نێوان موسڵمانان

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری-بەراوردکارییە لە نێوان بەغدا و ئەندەلوس لە ماوەی سەدەی (٥-٦کۆچی/ ١١-١٢زاینی)

پ. د. حکیم احمد مام بکر
زانکۆی سەلاحەدین
Hakeem.mambakr@su.edu.krd

م. ی. سەنگەر عبداللە رسول
قوتابیی دکتۆرا ــ زانکۆی سەلاحەدین
sangar.history@uor.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر ئەو ململانێ ئاینییانەی کە لە نێوخۆی موسڵمانان سەریهەڵداوە لە هەردوو ناوچەی جوگرافیی بەغداد و ئەندەلوس. گەڕانەوە بۆ بنچینەی ناکۆکییەکان و هۆکار و دەرەنجامی ئەو بەریەککەوتنانە دەخاتەڕوو. بەواتایەکی تر خستنەبەرچاوی ململانێی هەرسێ ڕەوتی هزری موسڵمانان لەگەڵ یەکتر و لە ناوخۆدا کە پێکدێن لە ڕەوتی عەقڵانی، نەقڵانی و عیرفانی. بۆ نموونە ڕەوتی نەقڵانی لەگەڵ عەقڵانی لەسەر چەندین پرس و بابەتی بنچینەیی و لقەکانی ئاینی لەگەڵ یەک ناکۆکبوون، هەروەکو چۆن نەقڵانییەکان لەگەڵ عیرفانی بەرانبەر یەک وەستاون. بێگومان ئەو بەریەککەوتنانەی نێوان ئەم لایەنانە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ژیان و شارستانیەتی موسڵمانان. لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەیدا بەریەککەوتنی خوێناوی لە نێوان ڕەوت و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان لێکەوتەوە، بە تایبەت لە نێوان سوننە و شیعە، سوننە و سوننە. ڕەوت و مەزهەبەکان ڕێگای هەمەجۆریان بەکارهێناوە بۆ لاوازکردن و سڕینەوەی بەرانبەرەکانیان. بۆیە هەندێجار بە تەکفیرکردنی یەکتر و سووتاندنی کتێبەکان، ململانێکانیان تۆختر کردووەتەوە. لە ئاستە هزرییەکەشیدا لەدوو لایەنەوە کاریگەریی بەجێهێشتووە. یەکەمیان، کاریگەرییەکی ئەرێنی، بەهۆی ئەو ململانێیانە دەیان و سەدان کتێب وەکو وەڵام و وەڵامکاری بەرانبەر یەکتر نووسراون. دووەم، کاریگەریی نەرێنی لەسەر لایەنی شارستانیی موسڵمانان بەجێهێشت، بە جۆرێک بەهۆی خەریکبوون بە شتی لاوەکی و ململانێی نێوخۆیی، نەپرژاونەتە سەر برەودان بە پایەکانی دەوڵەت و شارستانیەت، هەر بەهۆیەشەوە هێواش هێواش بنچینەکانی ئەو شارستانیەتە بەرەو کەوتن و سستبوون چوون.

وشە کلیلییەکان (ڕەوتی عەقڵانی، ڕەوتی نەقڵانی، زانستی ئوصول، زانستی فروع، حەقیقەت، شەریعەت).

## سروشتی ململانێی ئاینی نێوان موسڵمانان

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری-بەراوردکارییە لە نێوان بەغدا و ئەندەلوس لە ماوەی سەدەی (٥-٦کۆچی/ ١١-١٢زاینی)

## پێشەکی

دەمارگیریی ئاینی و مەزهەبی یەکێکە لەو بابەتە گەرم و هەنووکەییانەی ئەمڕۆ لە ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکان دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و شیکارکردن. بەهۆکاری ئەوەی ئەو بابەتە کاریگەریی قوڵ و بەرفراوانی لەسەر کۆمەڵگە و شارستانیەتەکان هەیە. بێگومان بۆ ئێمە کە لەو ناوچە جوگرافیایەدا دەژین کەوا لانکە و مندالّدانی ململانێ ئاینی و مەزهەبییەکان بووە، سەرنجدان و لێوردبوونەوە لەسەر هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەو ململانێیانە و تێگەیشتن لە سروشتی ململانێکان ئێجگار پێوست و گرنگە. لەبەرئەوەی بەشێک لە قەیران و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت هزرییەکانی ئێستای ناوچەکە لە هەناوی ئەو ململانێیانە کەوتوونەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە پێشەکی، سێ تەوەرەی سەرەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەخۆدەگرێت. لەسەر هۆکار و پاڵنەرەکانی ململانێ ئاینییەکانی نێوخۆی موسڵمانان وەستاوین. سەرنج خراوەتە سەر بەریەککەوتنەکانی نێوان سوننە- شیعە و موعتەزیلە. بە تایبەت ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی نێوان سوننە و شیعە لە ئاستە کۆمەڵایەتی و نوخبەییەکەیدا، هەروەها ناکۆکیی هزریی نێوان سوننە و موعتەزیلە. لە

تەوەرەیەکی تردا لەسەر ململانێی نێوان ڕەوتی سۆفی و سەلەفی وەستاوین، هۆکارەکانی ململانێی نێوانیان و ئەو پرس و بابەتانەی کە بوونەتە چەقی ناکۆکییەکان ڕوونکراوەتەوە. لە تەوەرەی سێیەم و کۆتایی ناکۆکی خۆبەخۆی مەزهەب و ڕەوتە سوننییەکان خراوەتەپێشچاو. لە سەرووی هەموویان بەریەککەوتنی نێوان ئەهلی فەرموودە و ڕەوتی ئەشعەری، مالیکی و زاهیری، مالیکی و ئەشعەری.

## یەکەم: ململانێی نێوان سوننە- شیعە و موعتەزیلە

شیعە و موعتەزیلە لە چەند قۆناغێکی مێژووییدا هاوکار و هاوپەیمان بوون. هەرچەندە لە چەند وێستگەیەکدا دژ و بەرانبەریەک وەستاون. هەروەکو (ابن تیمیة م.٧٢٨ک/ ١٣٢٨ز) پێیوایە موعتەزیلە و شیعە لە نیوەی دووەمی سەدەی چوار و سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە زیاتر لەیەک نزیکبوونەتەوە و بوونەتە هاوپەیمان، بە هەوڵ و ماندووبوونی کۆمەڵێک لە شەرعزانەکانی هەردوولا (مناهج السنة النبوية، ١٩٨٦، ج٢، ص١٠١). هۆکاری لێکنزیکیی نێوان شیعە و موعتەزیلە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئیمامی زەیدییەکان (زیندین بن علی بن الحسین م.١٢٢ک/ ٧٤٠ز) هاوەڵ و خویندکاری دارێژەری هزری موعتەزیلە (واصل بن عطاء ١٣١ک/ ٧٤٨ز) بوون (الشهرستانی، ٢٠١٣،ص١٥٥). ئەوانە لەسەر چەندین پرس و بابەت هاودەنگ و تەبابوون.

دوای ئەوەی موعتەزیلەکان لاوازبوون بەهۆی دەستبەرداربوونی (الحسن الاشعری م.٣٢٤ک/ ٩٢٦ز) و ڕاگەیاندنی جەنگێکی هزریی بەهێز دژی بیروباوەڕی موعتەزیلە، لەگەڵ شیعەی ئیمامی لەیەکتر نزیکبوونەتەوە بوونە هاوپەیمان. لەو بارەیەوە (القاضی عبدالجبار م.٤١٥ک/ ١٠٢٤ز) ئاماژەی بۆدەکات کە ئەوان و شیعە لە دوو بنەمای ئیمان هاوبەشن، کە بریتییە لە یەکتاپەرستی و دادپەروەری، تەنها لە ئیمامەت جیاوازن، بەڵام کۆدەبنەوە و گفتوگۆ دەکەن تا لەوبارەیەوە دەبن

بەیەک (القاضی عبدالجبار واخرون، ٢٠١٧، ص٢٨٣). بەشێک لە موعتەزیلە تێڕوانینیان بۆ ئیمامەت ئەوەیە کە پرسێکی دونیاییە و پەیوەستە بە بەرژوەندیی موسڵمانانەوە (الشهرستانی، ٢٠١٣، ١٦٠). لە بەرانبەردا شیعە ئیمامەت بە ئیمانەوە گرێدەدەن، پێیانوایە ئیمامەت لە ڕێگەی وەحی و دەقەوە یەکلاییکراوەتەوە و مرۆڤ ناتوانێت لەوبارەیەوە قسەی هەبێت، دەقیش بە ئاماژە و نیشانە (علی بن ابی طالب م. ٤٠ک/ ٦٦١ز) و نەوەکانی بۆ ئەو ئەرک و بەرپرسیاریەتییە دیاریکردووە (النوبختی، ٢٠١٢، ٣٩؛ الشهرستانی، ٢٠١٣، ٢٢٧). سەرباری هەوڵەکانیان بۆ هاودەنگبوون لەسەر پرس و بابەتە ناکۆکەن، ئەمە ڕێگر نەبوو لەوەی بیرمەند و شەرعزانی موعتەزیلە (القاضی عبدالجبار) لە ڕێگەی نووسینی کتێبێکەوە بە ناوی (المغنی) زیاتر لە بیست بەڵگەی هزری وەڵامی شیعەکان دەداتەوە لەسەر دروستی و دامەزراویی ئیمامەتی (ابوبکر و عمر)، لە بەرانبەر ئەو نووسین و هەوڵانەی شەرعزانی موعتەزیلەکان، کەسایەتییەکی شیعە بە ناوی (الشریف المرتضی المسوی م. ٤٣٦ک/ ١٠٤٤ز) بە نووسینی کتێبێک وەڵامیداوەتەوە بە ناوی (الشافی فی الامامة والنقص علی کتاب المغنی للقاضی عبدالجبار احمد) (بڕوانە: الشریف المرتضی، ٢٠٠٦، ج١، ص١١).

هەرچی تایبەتە بە ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە، ڕیشەی ناکۆکی و ململانێی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی مێژووی موسڵمانان، بەدیاریکراوی دوای وەفاتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ). بە تێپەڕبوونی کات و هاتنەپێشەوەی کۆمەڵێک ڕووداو، دووری و مەودای ناکۆکیی نێوانیان گەورەتر و فراوانتربوو. لەچەندین قۆناغی ئەو ململانێیانەش گەیشتووەتە ئاستی بەیەکدادانی خوێناوی (الاشعری، ١٩٩٠، ج١، ٣٨؛ سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ج١٩، ١٨٥).

خاڵی ناکۆکی نێوان ئەم دوو لایەنە بریتیبووە لە پرسێکی سیاسی کە لە فەرهەنگی موسڵمانان بە پرسی ئیمامەت یان خیلافەت ناسراوە، کە جوڵێنەری زۆرینەی پرس و کێشەکانی نێوخۆی موسڵمانان بووە (الاشعری، ١٩٩٠، ج١، ١١؛ الاسفراینی، ١٩٨٣، ٢٠). شیعە شایستەبوونی نەوەکانی (علی بن ابی طالب) بە بنچینەیەکی بنەڕەتی لە دروستیی ئیمان هەژماردەکەن، بەرمەبنای ئەمە هەڵبژاردنی خەلیفەکانی ڕاشیدی لەدوای مردنی پێغەمبەر (د. خ) بەبێ بنەما و دوورکەتنەوە لە ئاین دەزانن (الکلینی، ٢٠٠٧، ج١، ١٣١، ١٧١، ١٧٥، ١٨٠). لەسەر ئەم بنچینەیە ئەوان هیچ یەکێک لەو خەلیفانە و ئەوانەی دوای ئەوانیش هاتن لە بنەماڵەی ئومەوی و عەباسی بە خەلیفە و ئیمامی موسڵمانان ناناسن، بەڵکو بە تاوانبار و زەوتکاری مافی عەلەوییەکان پێناسەیان دەکەن (الاشعری، ١٩٩٠، ج١، ٩٦). بۆیە لە چەندین قۆناغی مێژووییدا بە تایبەت لە ماوەی نێوان (٥-٦ک/ ١١-١٢ز)، لە ڕێگەی سەربازی و هزری ڕووبەڕووی یەکتربوونەتەوە (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٦، ٣٢؛ ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٨، ١٠٥).

لەماوەی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان (٣٣٤-٤٤٧ک/ ٩٤٥-١٠٥٥ز)، شیعە و سوننە چەندین جار لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا شەڕی خوێناوی لە نێوانیاندا هەڵگیرساوە. سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەسەڵاتدارانی بوەیهی لایەنداریی زۆریان بۆ هەموو کۆمەڵەکانی مەزهەبی شیعە کردووە (البیرونی، ١٩٩٥، ٩٤-٩٦). بۆ نموونە لە ساڵی (٤٤٣-٤٥١ک/ ١٠٥١-١٠٦٠ز) بە هۆکاری زیادکردنی (حی علی خیر العمل) لە بانگدان و نووسینی دروشمی (محمد و علی باشترینی مرۆڤن، ئەوەی ڕازییە سوپاسگوزاری کردووە، ئەوەی ناڕازییە کوفری کردووە) لەسەر دیواری مزگەوتەکان لە لایەن شیعەکانەوە و چەند کێشەیەکی سیاسییەوە، شەڕ و کوشتار لە نێوان شیعە و سوننە هەڵگیرسا و

ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژران و چەندین ماڵ سووتێندران (ابن الجوزی،١٩٩٢، ج١٥، ٣٢٩-٣٣٠ ، ج١٦، ٣٢؛ ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٨، ١٠٥).

هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا ململانێی نێوان شیعە و سوننە پەیوەستبووە بە مافی فەرمانڕەوایی موسڵمانان یان پێشەوایەتیی ئومەتی ئیسلامی (الاشعری، ١٩٩٠، ج١، ١١). بۆیە کاتێک هەژموونی دەسەڵاتی خیلافەتی فاتمی لە ناوچەکانی عێراق زیادیکرد، عەباسییەکان وەکو هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان سەیریانکرد، باشترین ڕێگەچارە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە، پەنابراوە بۆ شەریعەتی ئاینی و مەزهەبی. لە ساڵی (٤٠١ک/ ١١١٠ز) و (٤٤٤ک/ ١٠٥٢ز) خەلیفەی عەباسی (القادر بالله ٣٨١-٤٢٢ک/ ٩٩١-١٠٣١ز) دوو کۆنگرەی تایبەتی بەستووە، داوای لە فەقیهان و شەرعزانانی خیلافەتەکەی کرد کۆببنەوە بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی بانگەشەکردنی فاتیمییەکان، گوایە نەوەی عەلەوییەکانن (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٥، ٧٤؛ ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٧، ٤٥). لە کۆنگرەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە فقیهان و شەرعزانانی سوننە و شیعە ئامادەبوون (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٥، ٨٢-٨٣؛ الذهبی، د.س، ج٢، ٢٠٠). لە دەرەنجامدا بنەچە و ڕەگەزی فاتیمییەکان گەڕێندرایەوە بۆ سەر بنەماڵەیەکی مەجوسی و جوولەکە، هەروەها بە کۆمەڵێک کاری دژە ئیسلام و موسڵمانان تاوانبارکران (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٥، ٨٢-٨٣؛ ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٨، ٧٤). مەبەستی خەلیفەکانی عەباسی و شەرعزانانی سوننە ئەوەبووە بە موسڵمانان بڵێن فاتیمییەکان هیچ مافێکی ئەوەیان نییە پێشەوایەتیی موسڵمانان بکەن، چونکە ئەوان بە ڕەگەز ناگەڕێنەوە سەر هۆزی قورەیشی.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم دوو لایەنە ناکۆکە هەموو ڕێگەیەکی نالۆژیکییان بەکارهێناوە لەدژی یەکتر، ئاخر چۆن دەکرێت

کەسێک کە مەبەست خەلیفەکانی فاتیمی بوون، لەیەککاتدا ڕەگەزەکەیان بگەڕێتەوە بۆ دوو لایەن کە تەواو لێکدوور و جیاوازن.

لە ئاستی کۆمەڵایەتی، بە هۆکاری جنێودانی شیعەکان بە هەندێک لە هاوەڵان شەڕی خوێناوی لەگەڵ سوننە هەڵگیرساوە (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٥، ٣٢٠). بۆیە خەلیفەی عەباسی لە ترسی زیاتر بڵاونەبوونەوەی مەزهەبی شیعە و لایەنداریيان بۆ فاتیمییەکان، هەستا بە قەدەغەکردنی مەڕاسیمی ساڵانەی عاشورا، هەروەها فەرمانیکرد کە نابێت شەرعزانان و بیرمەندانی شیعە و موعتەزیلە بە هیچ جۆرێک بانگەشە بۆ بۆچوونەکانیان بکەن و ڕێگریکرد لە ئەنجامدانی هەر جۆرە گفتوگۆ و مونازەراتێک لە خوێندنگا و مزگەوتەکان، بە پێچەوانەوە ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە(ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٧، ٤٢٩-٤٤٩).

لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا (٤٤٧-٥٩٠ک/ ١٠٥٥-١١٩٤ز) هێرش و فشاری سەربازی و هزری بۆسەر شیعە چڕتربوویەوە. دوابەدوای دامەزراندنی قوتابخانەکانی نیزامیە، لە ڕێگەی نووسین و کتێبەوە جەنگێکی توند لە نێوان سوننە و شیعە هەڵگیرسا. لە دیارترین ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی شیعە بوونەوە، بریتیبوو لە بیرمەند و شەرعزان (ابو حامد الغزالی م.٥٠٥ک/ ١١١١ز). غەزالی لە ڕێگەی کتێب و نووسینەکانیەوە وەڵامی شیعەکانی دایەوە و ڕۆڵی زۆری هەبوو لەسەر بەرتەسککردنەوەی چالاکییەکانی شیعە (الغزالی، ١٩٦٤، ٣٨-٤٠).

یەکێک لە بەشداربووانی ململانێکانی نێوان شیعە و سوننە (ابن الجوزی م. ٥٩٧ک/ ١٢٠٠ز)، لەلای خەلیفەی عەباسی پێگەی بەرزی هەبوو، ڕووداوێک لەوبارەیەوە دەگێڕێتەوە، باس لەوە دەکات لە سەردەمی خەلیفە (المستضئ ٥٦٦-٥٧٧ک/ ١١٧٠-١١٨٠ز) فەقیهانی سوننەی لەدژ هاندان لەسەر میمبەرەکان بە ئاشکرا خراپییەکانی شیعە دەرخرا. هەر بەوەندە نەوەستان هێرشکرایە سەر ماڵەکانیان، هەموو ئەو

کتێبانەیان سووتاندن کە ناوەڕۆکەکەیان جنێو و سوکایەتی بەرانبەر بە هەندێک لە هاوەڵات لەخۆگرتبوو (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٥، ٢٢٢، ٢٥١).

ئەوەی پەیوەستە بە ململانێی نێوان سوننە و موعتەزیلە هەڵگری پاشخانێکی مێژوویی دوور و درێژە و وابەستەیە بە کۆمەڵێک بابەتی هزرییەوە. هەر لەوکاتەی کە (ابو الحسن الاشعری م. ٣٢٤ک/ ٩٣٦ز) لە ڕەوتی موعتەزیلە جیابوویەوە، سوننە بەڕێبەرایەتیی ئەشعەرییەکان و موعتەزیلە کەوتنە ململانێی قووڵی فکری. لەبەر ئەوەی موعتەزیلە ڕەوتێکی عەقڵانین، تێگەیشتن و خوێندنەوەیان بۆ ئاین و پرسەکانی ئیمان لە ڕێگەی عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ بۆچوونی بەشێک لە سوننە کە نەقل پێش دەخەن بەسەر عەقڵ وەک پێوەر بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکانی ئیمان و پرسە دینییەکان، لەبەر ئەوە ناکۆکی و ململانێی نێوانیان لەو ڕەهەندەوە بەردەوامبوو، بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە پرسی (اسماء والصفاة)ی خودای گەوەر، پرسی چارەنووس و خەلقی قورئان (الشهرستانی، ٢٠١٣، ١٢٤-١٢٥).

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەودوو لایەنە دژیەکە لە ئاستی نووسین و کتێب ڕەنگیداوەتەوە. یەکێک لە بیریاران و شەرعزانەکانی موعتەزیلە (القاضی عبدالجبار م. ٤١٥ک/ ١٠٢٤ز) لەگەڵ یەکێک لە زانایانی سوننەی ئەشعەری (ابی اسحاق الاسفراینی م. ٤١٨ک/ ١٠٢٧ز) لە گفتوگۆ و مونازەرات لە نێوانیاندا ئەنجامدراوە لەسەر پرسی ئازادی و سەربەستیی مرۆڤ (السبکی، ١٤١٣هـ ج٤، ٢٦١). شێخی موعتەزیلەکان بەرگری کردووە لەوەی مرۆڤ خاوەن ئیرادە و ویستی خۆیەتی لە کاروکردەوەکانی، لە ڕۆژی دواییدا بەرپرسە لە کردەوەکانی بەرانبەر دادپەروەریی خودا، ئامانجی (القاضی عبدالجبار) ئەوەبووە کە بەو شێوەیە کردەوە خراپەکان لە خودای باڵادەست دووردەخەینەوە، لە بەرانبەردا شەرعزانی ئەشعەرییەکان سەرنجی لەسەر ئەوە

چڕکردووەتەوە کە مرۆڤ هەرچی دەیکات و ئەنجامی دەدات بە ویست و ئیرادەی خودایە (الاسفراینی، ١٩٨٣، ١٩٣-١٩٤). هەروەها لە مەیدانی نووسیندا (عبدالقادر البغدادی م. ٤٢٩ک/ ١٠٣٧ز) لە بابەتی ناو و سیفاتەکانی خودای گەورە، هێرشی توند و چڕی کردووەتە سەر موعتەزیلە (البغدادی، ٢٠٠٩، ٩٠).

لە دەرەنجامی توندبوونەوەی ململانێی نێوان سوننە و شیعە، سوننە و موعتەزیلە، لە ساڵی (٤٦٠ک/ ١٠٦٨ز) ژمارەیەک لە فیقهان و شەرعزانانی سوننە لە حەنبەلییەکان چوونە دیوانی خیلافەت و داوای ڕاگەیاندن و جێگیرکردنی (بیروباوەڕی قادری)یان کرد وەکو ئاماژەیەک بۆ بیروباوەڕی خەلیفەی عەباسی قادر باللە (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٦، ٨٥، ١٠٥؛ سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ج١٩، ٢٠٠). جێی سەرنجە کە ئەم جوڵانەوە مەزهەبییە بووە هۆکاری ئەوەی شەرعزانەکانی سوننە گرنگیی زۆری پێبدەن، تەنانەت کەسێکی وەکو (الباقلانی البغدادی م. ٤٨٩ک/ ١٠٩٦ز) کتێبێکی تایبەتی نووسی بە ناوی بیروباوەڕی قادری (الباقلانی، ١٤٢٧، ج١٨، عدد٣٩، ٢٠-٥٠). ناوەڕۆکی ئەم بیروباوەڕە تەواو پێچەوانەبوو لەگەڵ بیروباوەڕی شیعە و موعتەزیلە، لە بابەتی ڕەتکردنەوەی تەئویلی دەقەکانی ئاین و چەسپاندن و دانان بە سیفاتەکانی خودا وەکو خۆی بەبێ مانای ناوەکی، هەروەها تێڕوانینیان بۆ پرسی ئیمان ئەوەبوو کە ئیمان بیروباوەڕ و کردەوەیە، بە پێچەوانەی شیعە و موعتەزیلە (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٥، ٢٧٩-٢٨٢).

شیعە و موعتەزیلە لە ناوچەکانی وڵاتی ئەندەلوس ڕۆڵ و پێگەیان لاوازتر بوو بە بەراورد بە ناوچەکانی بەغدا، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە. ئاشکرایە، ئومەوییەکان لە قۆناغەکانی پێشووتر بە هەموو هێزێک ڕووبەڕووی چالاکییەکانی شیعە بوونەتەوە (ابن عذاری، ١٩٨٣، ج٢، ٢٢٠-٢٢١؛ عنان، ١٩٩٧، ج١، ١٦٦-١٦٧). هەروەها بڵاوبوونەوەی مەزهەبی

مالیکی و دواتریش زاهیری، کە بە توندی دژی هەر مەزهەب و ڕەوتێکی کەلامی و باتینی وەستاونەتەوە (ابن حزم، ١٩٨٧، ج٢، ١٨٦؛ قاضی عیاض، ١٩٨٣، ج١، ٢٧؛ السامرائی واخرون، ٢٠٠٠، ١١١). هەروەکو (ابن خلدون) ئاماژەی بۆدەکات سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئەندەلوس کە زۆرینەی لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەدا سادە و ساکاربووە، دووربوون لە تەئویل و لێکدانەوەی قووڵ بۆ بابەتە ئاینییەکان بە پێچەوانەی خەڵکی عێراق (ابن خلدون، ٢٠٠١، ٤٨٧). ڕەنگە هۆکارێکی تر ئەوە بێت هەڵکەوتەی وڵاتی ئەندەلوس و نزیکی لە شانشینەکانی مەسیحی، بەردەوام موسڵمانانی خستووەتە بەردەم شەڕ و هێرشی مەسیحییەکان، بۆیە ئەوەندەی ئەوان خەریکی جیهاد و پاراستنی ناوچەکانیان بوون (الجیدی، ١٩٩٣، ٣٦؛ الغامدی، ١٤٢٩هـ ٩١-٤٣٠)، ئەوەندە نەپرژاونەتە سەر ناکۆکییە ئاینی و مەزهەبییەکان، بە پێچەوانەی ناوچەکانی بەغدا کە زۆرینەی جار دووربووە لەو هێرش و مەترسییانە. لە هەمانکاتدا دەشێت بەهۆی دووریی ناوچەکە، ئەم دوو مەزهەب و ڕەوتە نەیانتوانیوە بە فراوانی گەرای بۆچوونەکانیان بڵاوبکەنەوە.

ئەمە بە واتای ئەوە نایەت کە ناوچەکانی ئەندەلوس خاڵیبووبێت لە ململانێی نێوان سوننە و موعتەزیلە، بەڵکو دوای سەدەی پێنجەمی کۆچی-یازدەهەمی زاینی، بەهۆی گۆڕانی دۆخی سیاسی و هاتنەپێشەوەی سەردەمی خێڵەکی، مەزهەبی مالیکی پاشەکشێیکرد، ئیدی لێرەوە ڕەوت و مەزهەبی جیاواز توانیان بیروبۆچوونەکانیان بڵاوبکەنەوە (ابن الابار، ٢٠٠٠، ٢٧٧؛ التهامی، ٢٠٠٥، ٢٠٥-٢٠٦). لەباریەوە (ابن حزم) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کۆمەڵێک کەس لەژێر کاریگەری موعتەزیلەدابوون و کتێبیان لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەی ئەوان نووسیوە (ابن حزم، ١٩٨٧، ج٢، ١٨٦). ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی شەرعزانەکانی ئەندەلوس لە ڕێگەی کتێبەوە وەڵامی نووسینەکانی ئەم ڕەوتە بدەنەوە (ابن الابار، ٢٠٠٠، ٢٧٧). لەلایەکی دیکەوە، (ابن الفرضی م.٤٠٣ک/ ١٠١٢ز) سەرنجدەخاتە سەر

دژایەتیی توندی فەقیهان و شەرعزانانی ئەندەلوس بەرانبەر موعتەزیلە، باس لەوە دەکات کاتێک (خلیل بن عبدالله بن کلیب) مرد کە ناسراوبوو بە هەڵگری بیروباوەڕی قەدەری، کۆمەڵێک لە شەرعزانانی مالیکی لە سەرووی هەموویان (مروان بن ابی عیسی) چوونە سەر ماڵەکەی و سەرجەم کتێبەکانیان دەرهێنا و ئاگریان تێبەردا جگە لە کتێبە فقهییەکان (ابن الفرضی، ١٩٨٩، ج١، ٢٥٣-٢٥٤).

بە شێوەیەکی گشتی دۆخی سیاسی و مەزهەبیی ئەندەلوس گونجاو نەبوو بۆ شیعە و لایەنگرانی عەلەوییەکان. هەرچەندە لە ماوەی نێوان (٤٠٧-٤١٤ک/ ١٠١٦-١٠٢٣ز) بە ماوەی دەسەڵاتداری عەلەوییەکان هەژماردەکرێت (الحمیدی، ٢٠٠٨، ٤٢؛ المراکشی، ٢٠٠٦، ٣٣-٣٧)، بەڵام ئەو سەرچاوانەی بینراون، هیچ شتێکمان پێناڵێن لەسەر دەمارگیریی شیعی یان دەربڕینی هەستی شیعایەتیی بنەماڵەی (ال حمود)، لەکاتێکدا زۆرینەی ئەو مێژوونووسانەی چالاکییەکانی ئەو سەردەمەیان تۆمارکردووە، سەربە مەزهەبی سوننە بوون (ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٧، ٤٣٥؛ المراکشی، ٢٠٠٦، ٤٦؛ طاهر، ٢٠٢٠، ٧٨). تەنها شتێک کەلەو بارەیەوە دەکرێت ئاماژەی بۆبکرێت ئەوەیە دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی شیعەکان لە ئەندەلوس یەکێک لە شەرعزانە ناودارەکانی ئەو وڵاتە (ابن حزم الاندلسی م.٤٥٦ک/ ١٠٦٣ز) بەتوندی دژایەتی خۆی بۆ شیعە دەربڕیوە و بە دژی ئاین و موسڵمانان ناوزەندی کردوون، تا ئەو ئاستەی حوکمی جولەکە و مەسیحی بەسەردا سەپاندوون (ابن حزم، ١٩٩٦، ج٥، ٤٠-٤٣؛ ابن حزم، ٢٠٠٨، ج١، ٩٦). سەرباری دووریی ئەندەلوس لە جوگرافیای ململانێی نێوان شیعە و سوننە، بەڵام فەقیهان و شەرعزانەکانی ئەندەلوس بەشدارییانکردووە لە وەڵامدانەوەی ئەو بیروبۆچوونانەی شیعە کە بەلای سوننەوە نەگونجاوبوون. بۆ نموونە (هبو عمر الطلنکی الاندلسی م. ٤٢٩ک/ ١٠٣٨ز) بە توندی ڕووبەڕووی شیعە بووەتەوە لەبارەی بیرۆکەی پێغەمبەرایەتی و چەندین شتی تر

(الذهبی، ۱۹۸۵، ج۱۵، ٥٥٨). هەروەها (ابوبکر ابن العربی م. ٥٤٣ک/ ۱۱٤٨ز) کە یەکێکە لە زانا و ناودارانی مەزهەبی مالیکی، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (العواصم من القواصم) هێرش دەکاتە سەر شیعە، سەبارەت بە بۆچوونیان لەسەر عەلی کوڕی ئەبو تاڵب. بەشێک لەوانە کافر دەکات بە تایبەت ئەوانەی عەلی دەگەیەننە ئاستی خودا (ابن العربی، ۱٤۱۹هـ ۲٤٧).

ناکۆکیی نێوان سوننە لەگەڵ شیعە و موعتەزیلە لە بەغداد و ئەندەلوس تەواو جیاوازبوو. بەهۆکاری ئەوەی ناوچەکانی عێراق لانە و شوێنی گەشەکردنی شیعە و موعتەزیلەبووە. لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێزبوون. بووەیهییەکان کە لایەنگر و هەواداری شیعە بوون، لەهەمانکاتدا ڕێگەخۆشکەربوون بۆ چالاکییەکانی شیعە، بەهۆی نزیکایەتیی نێوانیان هەروەکو پیشتر ئاماژەمان پێدا (بیرونی، ۱۹۹۰، ۹٤-۹٦). ئەمە سەرباری ئەوەی خیلافەتی فاتیمی لە ڕێگەی بانگەوازی تایبەتەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروباوڕەکەیان داوە، لە چەند قۆناغیکیشدا مەترسیی جدیان لەسەر دەسەڵاتی سوننە مەزهەب لە بەغداد دروستکردبوو (ابن الاثیر، ۲۰۱۳، ج٧، ٤٠٥). نابێت چلاکییەکانی کۆمەڵەی ئیسماعیلی باتینی فەرامۆشبرکرێت، کە توانیان لە ڕێگەی هزری و سەربازییەوە کاریگەری لەسەر ناوچەکانی عەباسی دروستبکەن. ئەم دۆخەش بوو بە هۆکاری جووڵاندنی هەستی وەڵامدانەوەی سەربازی و هزری لای سوننە مەزهەبەکان. بۆیە ڕاستەوخۆ لە نیوان سوننە و شیعە بەریەککەوتنی توند هەبوو چ لە ئاستە سیاسییەکەی و چ لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی. ئەگەرچی لە ئەندەلوس خیلافەتی فاتیمی هەوڵیداوە هەژموونی خۆی بڵاوبکاتەوە، هەروەها ماوەیەک بنەماڵەی (بنو حمود) فەرمانڕەوایی ئەندەلوسیان کردووە و چەند خەلیفەیەک دەسەلاتداربوون، بەڵام نەیانتوانیوە لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی هیچ کاریگەرییەکیان هەبێت، بەڵکو ململانێی ئەم دوو لایەنە لەگەڵ سوننە تەنها لە ئاستە سیاسییەکەیدا قەتیس بووە (ابن الاثیر، ۲۰۱۳، ج٧، ٤٣٥؛ المراکشی، ۲۰۰٦، ٣٣-٣٧). بە

واتایەکی تر بەهۆی ئەوەی خەڵکی شیعەمەزهەب لە ئەندەلوس لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بوون، ململانێی نێوان ئەم ڕەوت و مەزهەبانە کاڵبووە. هەروەکو چۆن پێگە و ڕۆڵی موعتەزیلەش لە شیعە لاوازتر و کاڵتربووە.

## دووەم: ململانێی نێوان سۆفی و پەیڕەوانی فەرموودە

سوفی و سۆفیگەری دیاردەیەکی بەربڵاوی جیهانی موسڵمانان بوو. دوابەدوای سەرهەڵدانی ناکۆکی و ڕاجیایی لەسەر تەفسیر و لێکدانەوەی دەقە ئاینییەکان، سۆفیگەری لە هەناوی ئەو ململانێیانە چەرەکەرەی کرد. سەرەتا لە زوهد و خۆگرتنەوە لە خێر و خۆشییەکانی دونیا دەستیپێکرد (ابن الجوزی، ۲۰۰۱، ۱۳٦؛ المحاسبی، ۱۹۸٦، ۲٤۷-۲٤۸)، پاشان تێکەڵبوون لەگەڵ هزر و ئەندێشەی گەلانی خاوەن شارستانیەت، بەدیاریکراوی فەلسەفەی یۆنانی و بیر و ئایدیای هیندی، گۆڕانکاریی بەسەرداهات، ئیدی هێواش هێواش لە بنچینەکانی سەرەتای دووردەکەوتەوە و ئاڵۆزتر دەبوو (بدوی، ۱۹۷۵، ۳۱-٤۳). بە هۆکاری ئەوەی سۆفیگەری تێڕوانینی تایبەتی خۆیان هەبوو لەبواری تێگەیشتن لە ئاین و دەقەکان بەپێی پاشخانەکەیان، هەر زوو لەناوخۆ و لەگەڵ کۆمەڵ و گروپەکانی دیکە بە تایبەت فەقیهانی پەیوەست بە فەرموودە و بۆچوونی زانایانی پێشین کەوتنە ململانێی توند.

سەدەی پینجەم و شەشەمی کۆچی/ یازەدەهەم و دوازدەهەمی زاینی سەردەمی زێڕینی دەرکەوتنی بزاڤی سوفیگەرییە، کە زیاتر خۆیان خریککردبوو بە زوهد و دوورکەوتنەوە لە دونیا (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بوتشیش، ۱۹۹۳، ۱۳۰-۱۳۲؛ جدو، ۲۰۰۸، ٥٤-۸٦). لەپاڵ ئەو شێوە لە سۆفیگەرییە ئاڕاستەیەکی دیکەی سۆفیگەری هەبوو کە هزر و ئایدیاکانی تێکەڵبوون لەگەڵ بنەماکانی فەلسەفە، بە تایبەت ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کە لە قۆناغەکانی پێشووتر لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و

به پشتگیری و هاندانی فەقیهەکان لە جیهانی ئیسلامیدا هێرش و پەلاماری توند لەسەر فەلسەفە و فەیلەسوفان لەئارادابوو (الغزالی، ١٩٦٦، ٨٨)، ئەمەش بوو بە هۆکارێک کە فەلسەفە لە باوەشی ئەو شێوازە لە سۆفیگەرییە جێی خۆی بکاتەوە و لەپەنای سۆفیگەریدا هەناسەبدات (مدکور، ١٩٧٦، ج١، ١٥؛ حلمی، ٢٠١١، ١٦١). ئەوانە خۆیان خەریککردبوو بە ئاشکراکردنی نهێنی و حیکمەتی مەلەکوت و خۆ هەڵقورتاندن لە بابەتەکانی غەیب (بوتشیش، ١٩٩٣، ص١٣٢-١٣٥).

لە دیارترین ئەو بابەتانەی کە بوونە چەقی ململانێی نێوانیان بریتیبوون لە بابەتەکانی پەیوەست بە بیروباوەڕ، جیاوازیکردن لە نێوان شەریعەت و حەقیقەت (ابن الجوزی، ٢٠٠١، ٢١٩). جیاکاری لە نێوان تەفسیر و لێکدانەی ناوەکی (الباطن) و دەرەکی (الظاهر) (عفیفی، د.س، ١٠٩-١١٠). سۆفییەکان بۆچوونیان وابوو کە ئیسلام هەندێ شتی دیار و بەرچاوی هەیە کە هەموو خەڵکی تێیدا هاوبەشە، لەپاڵ ئەوەدا کۆمەڵێک بابەتی پەنهان و ناوەکی هەیە کە حەقیقەتە ڕاستەقینەکەی ئیسلامە، ئەمە تەنها وەلی و عارفان لێی تێدەگەن و دەیبینن (القشیری، ٢٠٠١، ١٩٤-١٩٦). لەسەر ئەو بنچینەیە وەلی یان پیاوچاکانی خودا بەهۆی ڕێز و شکۆیان لای خودا دیوی ناوەکیی شتەکان دەبینن، بۆیە ئەوانە دەبن بە خاوەنی کەرامات، بە جۆرێک کۆمەڵێک کار ئەنجامدەدەن، کە پێچەوانەن لەگەڵ یاساکانی سروشت (القشیری، ٢٠٠١، ٣٧٨-٣٨٥). هەروەها تیکەڵکردنی قسەی سەیر و سەمەرە کە لە ئەدەبیاتی سۆفیگەری بە (شطحات_ وڕێنەکردن) ناسراوە، بیرۆکەی (الفناء، التناسخ و الحلول)، ئەم بابەتانە ئاگری ناکۆکیی ئەم دوو لایەنەی خۆشترکرد (ابن الجوزی، ٢٠٠١، ١٥٢-١٥٤).

ئەم بیر و ئایدیا تایبەتییانەی سۆفییەکان بوو بە هۆکاری ئەوەی کە لەنێو فەقیهانی سوننە بە تایبەتی و هەندێ لە سۆفییەکانی خۆشیان گلەیی

و ڕەخنەیان لێبگیرێت. لە ڕاستیدا کۆمەڵێک لە گەورەبیریارانی سۆفیگەری مەبەستیانبوو ڕەخنە و گەلییەکان لەسەر ڕەوتی سۆفیگەری دوورخنەوە، بۆیە لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە هەم ڕەخەیان لە هەندێک بیرکردنەوەکانی سۆفی گرتووە و هەمیش بیانوویان بۆ هەندێکیان هێناوەتەوە و بەرگرییان کردووە (الطوسی، ١٩٦٠، ٣٩٥). لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی یەکێک لە گەورەبیریارانی سۆفی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عەباسی بە ناوی (ابی نصر بن علی السراج الطوسی م. ٣٧٨ک/ ٩٨٨ز) لەکتیبی (اللمع) کۆمەڵێک ڕەخەنەی ئاڕاستەی ئەو کەسانە کرد کە خۆیان دەدەنە پاڵ ڕەوتی سۆفیگەری و کەچی بە ئاکار و ڕەفتاریان هیچ پەیوەندییەکان بە سۆفیگەرییەوە نییە (الطوسی، ١٩٦٠، ٤٠). تەنانەت ئەو کەسانەی بانگەشە بۆ (الحلول) دەکەن و پلە و شکۆی وەلی دەگەیەننە ئاستی پێغەمبەران بە کافر و دەرچوو لە ئاین وەسفیکردوون (الطوسی، ١٩٦٠، ٣٩٥). هەروەها (ابو حامد الغزالی م. ٥٠٥ک/ ١١١١ز) کە خۆی یەکێکە لەو زانا و شەرعزانانەی کە لەسەر ڕەوتی سۆفیگەری هەژماردەکرێت، ڕەخنەی توند لە هەندێک بیروباوەڕی سوفیگەری دەگرێت، بە تایبەت ئەوەی تایبەتە بە (شطحات) واتە وڕێنەکردن، ئەو پێیوایە بانگەشەکردن بۆ ئەمجۆرە لە بیروباوەڕە مەترسی و زیانەکانی زۆر گەورەیە، بۆیە هەر کەسێک ئەو قسانەی بەدەمدا بێت، کوشتنی لە ئاینی خودا لە زیندووکردنەوەی دە کەس چاکتر و باشترە (الغزالی، ٢٠١١، ج١، ١٣٥).

ناکۆکی و ململانێی نێوان سۆفییەکان و فەقیهەکان پەیوەندی هەبوو بەو بابەتانەی پێشتر ئاماژەی بۆکرا. ڕەخنەی فەقیهناسەکان ئەوەبوو کە کۆمەڵێک شتیان لە دیندا داهێناوە کە لە هیچ دەقێکی قورئان و فەرموودەدا باسنەکراوە بە تایبەت لە بارەی بیروباوەڕەوە، لە بەرانبەردا سۆفییەکان فەقیناسەکانیان تۆمەتباردەکرد کە تەنها دەستیانگرتووە بە ڕواڵەتی دەقەکان و لایەنی ناوەکی و ڕووحی ئاینییان

فەرامۆشکردووە (الهجیری، ٢٠٠٧، ج١، ٣٠؛ عفیفی، د.س، ١١٩). یەکێک لە شەرعزانەکانی حەنبەلی بە ناوی (ابن الجوزی) لە دیارترین ئەو کەسانەبوو، کە زۆرترین ڕەخنە و هێرشی کردووەتە سەر ڕەوتی سۆفیگەری، لەم چوارچێوەیەدا کتێبێکی تایبەتی نووسیوە بە ناوی (تلبیس ابلیس) کە زۆرینەی لاپەڕەکانی قسەکردنکردن بووە لەسەر سۆفییەکان و دەرخستنی هەڵە و کەموکوڕییەکانیان (المقوشی، ١٤١٤هـ ٢٢١-٣٠٠؛ ابن الجوزی، ٢٠٠١، ١٤٨-١٨٠). ئەم شەرعزانە حەنبەلییە لە کتێبەکەیدا کۆمەڵێک ڕەخەنەی توند ئاڕاستەی سۆفیگەری دەکات و تاوانباریان دەکات بە دەرچوون لە تێگەیشتنی دروست لە ئاینی ئیسلام. لە دیارترین ئەو ڕەخنانەش بریتییە لە بابەتی (الحلول) کە سوفییەکان پێیانوایە خودای گەورە لە جەستە و شێوەی دروستکراوەکانی دەردەکەوێن (ابن الجوزی، ٢٠٠١، ١٥٢-١٥٤). شەرعزانی حەنبەلییەکان کاتێک وەسفی کتێبەکەی غەزالی (الاحیاء علوم االدین) دەکات، بە یەکێک لەو کتێبانە هەژماریدەکات کە پڕیەتی لە بیروباوەڕی سۆفییەکان بە تایبەت شتی خەیاڵی و بێناوەڕۆک و خاڵی لە ڕاستی (ابن الجوزی، ٢٠٠١، ٣٠٠). ئەوە سەرباری ئەوەی ڕەخنە لە (احمد الغزالی م.٥٢٠ك/ ١١٢٦ز) دەگرێت کە بیانووی ئەوەی دونیانەویستە و نەفسی خۆی دەشکێنێت، هەستاوە بە دڕاندن و شێواندنی جلەکانی، ئەمەش ناکۆک و دژە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام (ابن الجوزی، ٢٠٠١، ١٨٣).

غەزالی وەکو کەسایەتییەکی تایبەت و جیاواز لە زانایانی ئیسلامی لە سەردەمەکەیدا، لەیەککاتدا لە ڕووی بیروباوەڕەوە ئەشعەری و لە بابەتی فیقهی شافعی و لە ئاراستە و تەوجیهاتدا سۆفییەکی توند بووە، لە کتێبەکەیدا ڕەخنەی توند ئاڕاستەی فەقیهناسەکان دەکات و تۆمەتباریان دەکات بە دوورکەوتنەوە و فرامۆشکردنی لایەنی ڕووحانی و زوهد، لە بەرانبەردا تەنها گرنگی بە ڕواڵەتەکانی ئاین دەدەن بە بێئەوەی کە ئەو گرنگیدانەیان لە خودایان نزیکبکاتەوە، هەروەها بەشێک لە فەقیهناسەکان

به کاسەلێس و خزمەتکاری بەردەرگای سوڵتانەکان دەناسێنێت و پێیوایە ئەمە خراپترین خوڕەوشتێکە کە نابێت لە زانایاندا هەبێت (الغزالی، ٢٠١١، ج١، ٢٥٠-٢٥٣).

دوورنییە هەر ئەو ڕەخنە و سەرنجانەی غەزالی بەرانبەر بە فەقیهان و تۆمەتبارکردنیان بە پیاوی ئەمیر و سوڵتانەکان، یەکێک بووبێت لەو هۆکارانەی کە فەقهیان و شەرعزانەکانی مەزهەبی مالیکی لە وڵاتی ئەندەلوسدا زۆرترین دژایەتیی غەزالییان کردووە، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بە مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە لەلای دەسەڵاتدارانی مورابتین بەرانبەر ئاینی ئیسلام و بیروباوەڕی موسڵمانان بیناسێنن، ئەمەش توڕەیی و ڕقی سوڵتانی موڕابتین (علی بن یوسف بن تاشفین ٥٠٠-٥٣٧ک/ ١١٠٦-١١٤٣ز) گەیاندە ئەو ئاستەی کە تەواوی کتێبەکانی غەزالی یاساغبکرێن و هەر کەسێکیش بە تۆمەتی خوێندنەوەی کتێبەکانی بگیرێت، توندترین سزادەدرێت، پاشان کتێبەکانی بە تایبەت (الاحیاء) کۆکرایەوە و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە فەقیهان سوتێندران (ابن الابار، ١٨٨٥، ٢٧١-٢٧٢). هەڵوێستی فەقیهان و شەرعزانەکانی مالیکی لە ئەندەلوس بەرانبەر کتێبەکەی غەزالی (الاحیاء علوم الدین) جێگەی سەرنج و لەسەر وەستانە. ئایا هۆکاری دژایەتیکردنی غەزالی و کتێبەکانی پەیوەستە بەوەی ئەو کتێبە و نووسەرەکەی هەڵگری بیروباوەڕی سۆفیگەرییە؟ یان هۆکارەکەی پەیوەستە بەوەی کە غەزالی سەربە ڕەوتی ئەشعەری بووە و مالیکی مەزهەبییەکانیش دژ و ناکۆکبوون لەگەڵ ئەم ڕەوتە کەلامییە؟ ئەوەی دەشێت لە ڕاستییەوە نزیکبێت هۆکاری سەرەکیی دژایەتیی شەرعزان و فەقیهەکانی مالیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵوێستەی غەزالی دەربارەی فەقیهان کە تۆمەتباریان دەکات بەوەی ڕوویان لە دونیا و ماڵی دونیا کردووە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەبەستەشیان بوون بە پیاوی دەرباری سوڵتان و ئەمیرەکان. بە بەڵگەی ئەوەی کە غەزالی باسی ڕووداوێک دێنێتەوە

سەبارەت بە پێشەوای مالیکییەکان (مالک بن انس م.١٧٩ک/ ٧٩٥ز) دەڵێت مالک دەڵێت " ئەو خۆی دەستیگرتووە بە خۆشییەکانی دونیاوە، بەڵام وازهێنان و دەستبەرداربوون لەوانە خێرتر و چاکترە" (الغزالی، ٢٠١١، ج١، ٢٤٩-٢٥٠). پیدەچێت ئەمە هۆکاربووبێت کە تووڕەیی مالیکییەکان بەرانبەر غەزالی زیاتر بکات. بۆچوون و ئاراستەی فەقیهان و دەوڵەتی موڕابتین یەکانگیربووە بۆ دژایەتی و سووتاندنی کتێبەکانی غەزالی، لەلایەک بەهۆی ئەو بۆچوون و هەڵوێستانی دەربارەی فەقیهانی سەربە دەسەڵات، لەلایەکی تر دوای باڵادەستبوونی هزری سۆفیگەریی ئەندەلوس، کە خۆیان لە بابەتەکانی سیاسەت هەڵدەقورتان و بوون بە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی موڕابتین(الذهبی، ١٩٨٥، ج١٩، ٤٢٢). تێڕوانینەکانی غەزالی قەبوڵنەکراوبوون لەلای موڕابتین. یەکەمیان، هەندێک لە تێڕوانینەکانی غەزالی خزمەتی بە ئاراستەی سۆفیگەریی ئەندەلوس دەکرد، بە تایبەت ئەو بڕگەیەی کە غەزالی واجببوونی سەپاندنی باج و خەراجی لەلایەن دەسەڵاتەوە پوچەڵکردووەتەوە (البختی، ٢٠٠٥، ٥٦)، لەلایەکی ترەوە، بۆچوونەکانی غەزالی بە تایبەت لە کتێبی (الاحیاء) بەهۆکاری کەمکردنەوەی هەستی جیهاد و تێکۆشان دژی مەسحییەکان زانرا، بەوەی خەڵکی بەرەوە گۆشەگیری و دابڕان لە کۆمەڵگە هاندەدات، لەکاتێکدا مەترسیی گەورە هەبوو لەسەر ئەندەلوس لەلایەن هێزە مەسیحییەکان (مصطفی، ٢٠١٢، ١٠٧).

هەردوو ڕەوتی سوفی و فەقیهان لە وڵاتی ئەندەلوس لە ناکۆکی و ململانێی قوڵدابوون لەگەڵ یەکتر. ڕێبەری مەزهەبی زاهیری (ابن حزم) زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی بۆچوونەکانی سۆفیگەری لە وڵاتی ئەندەلوس بووەتەوە، بە دیاریکراوی ئەو بیروباوەڕەی کە بڕوای بەوە هەبوو لە ڕۆژی دواییدا جەستەکان زیندوو ناکرێنەوە (ابن حزم، ١٩٩٦، ج٥، ٦٦-٦٧). یەکێک لە گەورەکانی سۆفیگەری (ابن براجان الاشبیلی م.٥٣٦ک/ ١١٤١ز) خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەم و نووسینە (ابن الابار، ١٩٩٥، ج٣، ٢١،

٤٦؛ صلاح الدين ابن شاكر، ١٩٧٤، ج٢، ٣٢٣، لەگەڵ فەقیهانی مالیکی دژایەتی هەبووە و تاوانبارکراوە  بە بیروباوەڕی گومڕا و دوور لە ئیسلام (ابن خلکان، ١٩٩٠، ج١، ١٦٩، ٢٣٦)، پاشان بەهۆی پێگەکەیان لای سوڵتان فەقیهان و شەرعزانەکان لای ئەمیری موڕابتین شکاتیان لێکرد و تا مردنی زیندانیکرا (ابن خلدون، ١٩٥٧، ٨٥، ١١٠؛ تقی الدین الفاسی، ١٩٨٦، ج٢، ١٨٠؛ الجدة، ٢٠٠٩، ١٠٩-١١٢)، پاشان کتێبەکانی کۆکرانەوە و خرانە دەریاوە (الذهبی، ١٩٨٥، ج٢٠، ١١٣).

فەقیهانی ئەندەلوس لە چەندین پرسدا ڕووبەڕووی سۆفییەکان وەستاونەتەوە، لە دیارترین ئەو بابەتانەش بریتیبووە لە کەڕاماتی ئەولیاکان کە سۆفییەکان بڕوایان پێیبووە و بانگەشەیان بۆی کردووە. بۆیە (ابو عمر الطلمنکی الاندلسی م.٤٢٩ک/ ١٠٣٨ز) وەڵامی ئەو بانگەشەیەی بەشێک لە سۆفییەکانی داوەتەوە، گوایە بەبێئەوەی پەرستش بکەن، هەموو شەوێک دەچنە بەهەشتەوە و لە بەرهەمەکەی دەخۆن و حۆری دێتەلایان و تەنانەت بانگەشەی ئەوەیان دەکرد بەبێ پەردە خودا دەبینن (الذهبی، ١٩٨٥، ج١٧، ٥٦٩). ئەمە سەرباری ئەوەی (ابو بکر الطرطوشی م. ٥٢٠ک/ ١١٢٦ز) بەتوندی وەڵامیداونەتەوە و ئینکاریی بوونی شتێکی لەو جۆرەی کردووە، هەورەها لە شێوەی ئەنجامدانی هەندێک لە پەرستشەکان بە تایبەت لە زیکر و یادی خودا بە شێوەی کۆمەڵ و هەڵپەڕین، (الطرطوشی) سۆفییەکانی بە کافر و زەندیق ناساندووە (ابو العباس الونشرینی، ١٩٨١، ج١١، ١٦٣).

کەسایەتییەکی دیار و بەرچاوی ئەم ناوچەیە بە ناوی (ابن مسرة الجبلی القرطبی م. ٣١٩ک/ ٩١٣ز) گوایە بیروبۆچوونی موعتەزیلە و باتینی هەبووە و بانگەشەی کردووە بۆ تەئویلی دەقەکان، ڕەتکردنەوەی شەفاعەت (ابن الفرضی، ١٩٨٨، ج٢، ٤١؛ ابن العربی، ١٩٨٦، ٤٩-٥٠). بیروبۆچوونەکانی ئەم پیاوە کاریگەریی قووڵی لەسەر بزاڤی سۆفیگەری

له ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس هەبووە (ابن عربی، ١٩٩١، ج١، ٢٢٦)، بە تایبەت لەسەر هزر و بیرکردنەوەکانی (ابو العباس بن العریف الاندلسی م. ٥٣٣ک/ ١١٣٨ز) لە گەوەرەکانی بزاڤی سۆفیگەری لە وڵاتی ئەندەلوس (بالنیثا، ١٩٥٥، ١٣١-١٣٢). بۆیە فەقیهان و شەرعزانەکانی ئەندەلوس لەناویاندا (عبدالله بن محمد الاموی النحوی م.٤٠٠ک/ ١٠٠٩ز) هەموو کتێبەکانی وەڵامی توندی (ابن مسرة)ی داوەتەوە (ابن بشکوال، ١٩٥٥، ٢٤٣-٢٤٤). بەپێ قسەی یەکێک لە نووسەرانی سۆفیگەری بێت فەقیهانی مالیکی لەسەرووی هەموویان قازیی شاری مەریە بە ناوی (محمد ابن سود) ڕقی زۆری لە ڕێبازی سۆفیگەری و بە تایبەت (ابن العریف م.٥٢٦ک/ ١١٣١ز) بووە، بەهۆی ئەوەی لە گفتوگۆ و دیبەیتەکانی سەرکەوتوو نەبوو بەرانبەر (ابن العریف)، بۆیە سوڵتانی لەدژ هانداوە، کاتێک بەدوایدا نێردرا و بێتاوانیی ئاشکرابوو، (ابن اسود) زۆر توڕەبوو، لەبەرئەوە لە ساڵی (٥٣٦ک/ ١١٤١ز) لە ڕێگەی پێدانی ژەهرەوە ئەو سۆفییەی لەناوبرد (ابن الابار، ٢٠٠٦، ٢٦؛ الصمعی، ١٩٩٦، ٢٠٠). سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن خەڵک بە مردنەکەی دڵخۆشبوون و ئاهەنگیانگێڕاوە (ابن بشکوال، ١٩٥٥، ٨٣؛ ابن بشکوال، ١٩٥٥، ٨٣؛ ابن خلکان، ١٩٩٠، ج١، ١٦٩).

ئەوەی جێی سەرنجە سروشتی سۆفیگەریی ناوچەکانی بەغدا وابەستەبوون بووە بە زوهد و کۆمەڵێک پرس و بابەتی لێکدانەوەی ناوەکی بۆ دەقە ئاینییەکان، بە پێچەوانەی سۆفییەکانی ئەندەلوس خۆیان بەدوورگرتووە لەچالاکییە سیاسییەکان. هەورەها زۆرینەی سۆفییەکانی ئەم ناوچەیە لە ڕووی فیقهیەوە شافعی مەزهەب بوون. کەچی سۆفیگەری لە ئەندەلوس لە قۆناغی زوهد و گۆشەگیرییەوە تێکەڵبووە لەگەڵ بنەما فەلسەفییەکان، بۆیە ئەم شێوە سۆفیگەرییە بە سۆفیگەریی فەلسەفی دەناسرێت. ئەوانە لە زۆرێک لە بنەما شەرعییەکان دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە ململانێی فەقیهان و شەرعزانەکانی ئەندەلوس لەگەڵ ئەم شێوە

سۆفیگەرییە زۆر توند و قووڵ بووە. دوای ئەوەی لە وڵاتی ئەندەلوس سۆفیگەری بوو بە ئایدۆلۆژیایەکی ڕێکخراو و خاوەنی شوێنی تایبەت و ڕێکخستنی تایبەت بەخۆی دروستکرد، ئیدی لێرەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە بەشداریی ململانێ سیاسییەکان بکەن. ویلایەت لە تێڕوانینی سۆفیگەریی ئەندەلوس ئەو پێگەیەیە کە شوێنی ئیمامەت دەگرێتەوە، هەڵبەت ئەم پرسە لەژێر کاریگەریی تێڕوانینە سیاسییەکانی شیعەوە گەڵاڵەبووە (بنسباع، ١٩٩٩، ٩٧-١٠٣). لەژێر کاریگەریی ئەم بیرکردنەوەیەدا بەشێک لە کەسایەتییە دیارەکانی سۆفیگەریی ئەندەلوس دەستیانکردووە بە ڕاپەڕین و شۆڕش دژ بە دەسەڵاتی سیاسی لە سەردەمی موڕابتین، بە ئامانجی دەستگرتن بەسەر سیاسەت و دەوڵەت. لە دیارترین نموونە (ابن قیسی الاندلسی م.٥٤٦ک) توانی لە جوڵانەوەکەیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و دەسەڵاتێکی سۆفیگەری لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئەندەلوس لە شاری (میرتلە_ شارێکی پرتوگالی ئێستا) دابمەزرێنێت (ابن الابار، ١٩٨٦، ج٢، ٩٧-٩٨؛ بنسباع، ١٩٩٩، ١١٧-١١٨).

## سێیەم: ململانێی نێوان مەزهەبەکانی سوننە لەنێوخۆدا

سەربارێ ئەوەی مەزهەب و ڕەوتە سوننییەکان لەگەڵ ڕەوت و مەزهەبەکانی دەرەوەی خۆیان لە ناکۆکی و ململانێدابوون، لەنێوخۆشیان لەسەر چەندین پرسگەلی بنچینەیی (الاصول) و فیقهی (فروع) ڕووبەڕووی یەکوەستاونەتەوە، بە جۆرێک هەندێجار ململانێ و ناکۆکییەکانیان گەیشتووەتە ئاستێک کە یەکتر کافر بکەن. یەکێک لە پاڵنەر و هۆکارەکانی ئەو ئاستە لە ململانێ دەگەڕێتەوە بۆ کارگەریی شەرعزان و فەقیهانی مەزهەبەکان بۆ ڕێبەر و گەورەی مەزهەبەکانیان. ئەم تێڕوانینە لەلایەن مەزهەبەکانەوە گشتێنراوە، کە هەر کەسێک هەمان تێڕوانین و لێکدانەوەی مەزهەبیی ئەوان قەبوڵ نەکات، ئەوا دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی موسڵمانان و کافر دەبێت. بۆ نموونە (قاضی

عیاض م.٥٤٤ک/ ١١٤٩ز) یەکێکە لە شەرعزانەکانی مالیکی، دەڵێت: "ئەمڕۆ پێنج مەزهەب هەیە، مالیکی، حەنەفی، شافعی، حەنبەلی، داودی [الظاهيري]، پێویستە لەسەر فێرخوازان بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بزانێت شوێن مەزهەبی یەکەم بکەون (قاضی عیاض، ١٩٨٣، ج١، ٦٧). ئەمە سەرباری ئەوەی شافعییەکانیش زیادەڕۆیی زۆریان کردووە لە باسکردنی ئیمای شافعی، بۆ نموونە (الامام الحرمين الجويني م. ٤٧٨ک/ ١٠٨٥ز) لە کتێبی (صنف الرسالة) جەخت لەوەدەکاتەوە کە پێویستە لەسەر تەواوی دروستکراوەکان شوێنی شافعی بکەون (السبکی، ١٤١٣هـ ج١، ٣٤٥). هەروەها (قاضی القضاة علی بن محمد الدامغانی الحنفی م. ٥١٣ک/ ١١١٩ز) فەرمانێکی دەرکرد کە جگەلە کارکردن بە مەزهەبی ئەبوحەنیفە ڕێگە بە هیچ مەزهەبێکی تر نەدات، بە بیانووی ئەوەی لەسەر زەوی موجتەهید نەماوە تا بتوانێ حوکم و یاساکان هەڵێنجی و کاری پێبکرێت، ئەمەش بووە هۆی تووڕەکردنی شەرعزانەکانی دیکە لەسەرووی هەموویان (ابو الوفاء بن عقيل الحنبلی البغدادی م.٥١٣ک/ ١١٩١ز) و بەرهەڵستیی ئەو بڕیارەی کرد و ڕایگەیاند ئەم قسەیە بەتاڵە و دوورە لە واقیعەوە (ابن الجوزی، ١٩٩٢)، ج١٧، ١٧٧). لە ڕاستیدا ئەم بیرکردنەوەیە سەرچاوەی پاشەکشێی موسڵمانان بووە لەبواری قسەکردن لەسەر بابەت و پرسە هەنوکەییەکان، سەرنجام بە زیان بەسەر شارستانیەتی ئیسلامیدا شکاوەتەوە.

بەهۆکاری جیاوازیی تێگەیشتنیان لە چەندین پرسی ئاینی، مەزهەبەکانی سوننە کەوتوونەتە ململانێی سەخت و قووڵ. یەکێک لەو بابەتانەی کە بوو بەهۆکاری ململانێیەکی دوور و درێژ لە نێوان حەنبەلییەکان و ئەشعەرییەکان (شافعییەکان)، بریتیبوو لە بابەت و پرسی ناو و سیفاتەکانی خودا. بۆیە شەرعزانی حەنبەلییەکان (القاضی ابو یعلی الفراء الحنبلی البغدادی م. ٤٥٨ک/ ١٠٦٥ز) کتێبێکی نووسی بە ناوی (ابطال التاويلات لاخبار الصفات) وەکو وەڵامێک بۆ تێڕوانینی

ئەشعەرییەکان کە لەلایەن (ابی بکر بن فورک م.٤٠٦ک/ ١٠١٥ز) نووسرابوو (ابن عساکر، ١٤٠٤هـ ٣١٠). ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی ئەشعەرییەکان لە بەغداد و حەنبەلییەکانیان تۆمەتبارکرد بە بەرجەستەکردن و لێکچواندنی خودا لە دروستکراوەکان (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٧، ١٧٧)، تەنانەت گەیشتە ئەو ئاستەی کە بە جوولەکانیان بچوێنن لە تەفسیرکردنی سیفاتەکانی خودا (السجزی، ٢٠٠٢، ٢٨١). لە بەرانبەردا حەنبەلییەکان ئەشعەرییەکانیان تۆمەتباردەکرد بەوەی کە تەفسیری سیفاتەکان لە زەنادیقەکان دەچن (السجزی، ٢٠٠٢، ١٨٠؛ المقدیسی، ١٤٠٩هـ ٣٥، ٥١)، بۆیە لە ساڵەکانی (٤٢٩ک/ ١٠٣٧ز)، (٤٣٢ک/ ١٠٣٢ز)، (٤٤٥ک/ ١٠٣٥ز) و (٤٦٩ک/ ١٠٧٦ز) ئاژاوە و کوشتار کەوتە نێوانیان، هەتا خەلیفەی عەباسییەکان (القائم بامر الله ٤٢٢-٤٦٧ک/ ١٠٣١-١٠٧٢ز) هەردوولای ئاشتکردنەوە، بەهۆی پشتگیریی سیاسیشەوە بۆچوون و تێڕوانینەکانی (ابو یعلی الحنبلی) سەرخران بەسەر ئەشعەرییەکاندا (ابن ابی یعلی، د.س، ج٢، ٢١١-٢١٢؛ سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ج١٩، ٣٢٦-٣٢٩).

بابەتێکی تر کە ململانێی نێوان ئەم دوو مەزهەبەی گەیاندە بەیەکدادانی خوێناوی بریتیبوو لە پرسەکانی فیقیهی (الفروع). لە ساڵی (٤٤٧ک/ ١٠٥٥ز) کە هاوکاتە لەگەڵ دەسپێکی حوکمی سەلجووقییەکان بەسەر خیلافەتی عەباسییەوە، فیتنە و ئاژاوەیەکی گەورە لە ئەنجامی ناکۆکیی فیقهی لە نێوان حەنبەلی و ئەشعەرییەکان سەریهەڵدا. کاتێک هەریەک لە (ابو یعلی بن الفراء و ابن التمیمی م.٥٢٥ک/ ١١٣١ز) لە شەرعزانانی حەنبەلی و کۆمەڵێک لە لایەنگرانی مەزهەبەکە لە چوون بۆ مزگەوتێکی شافعییەکان، ئەم دوو شەرعزانە بۆ نوێژەکان پێشکەوتن، لەکاتی دەستپێکی نوێژ ناکۆکی و ئاژاوە دروستبوو لەسەر نەخوێندنی (بسم الله) لە سەرەتای سوڕەتی (فاتیحة)، هەروەها نەخوێندنی نزای (القنوت) لە نوێژی بەیانی، ئەمەش بووە هۆکاری هەڵگیرساندنی جەنگ و

کوشتار لە نێوانیان، بە جۆرێک شافعییەکان لە ترسی حەنبەلییەکان نەدەوێران بچن بۆ نوێژی بە کۆمەڵ و هەینی (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٧، ٦٦؛ ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٨، ٨٨؛ ابو الفیداء، د.س، ج٢، ١٧٤).

لایەنێکی تری ململانێ نێوخۆییەکانی سوننە لە نێوانی حەنەفییەکان و شافعییەکاندا بوو. سەرچاوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە مەزهەبی سوڵتانەکانی سەلجووقی حەنەفی بوو (ابن عساکر، ١٤٠٤، ١٠٨؛ ادوارد، ١٩٥٣، ٢١١؛ امین، ١٩٦٥، ٢٢١)، بۆیە دەمارگیریی زۆریان بۆ مەزهەبەکەیان هەبوو، بەپێی سروشتی ژیانیان کە هۆزێکی بەدەوی و دوور لە شارستانیەت بوون، جگەلە مەزهەبی خۆیان هیچ شتیکی تریان قەبوڵ نەبوو (بدوی، ١٩٨٨، ١٠٩). لە سەردەمی توغروڵ بەگی سەلجووقی ناکۆکیی نێوان حەنەفییەکان و شافعییە ئەشعەرییەکان تۆخبوویەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە وەزیرەکەی (عبدالملک الکندری م.٤٥٦ک/ ١٠٦٤ز) گوایە یەکێکبووە لەو کەسانەی دەمارگیریی قوڵی بەرانبەر شافعی هەبوو (ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٨، ١٩٠)، دوای ئەوەی چالاکییەکانی شیعەی ئیسماعیلی زیادبوون، بە فەرمانی توغروڵ بەگ وەزیر فەرمانیکرد لەهەموو ناوچەکان لە میمبەرەکانەوە نەفرەت لە شیعە بکرێت، ئەمەش دەرفەتی داوەتە کێندەری تا لەو ڕێگەیەوە ڕق و کینەی بەرانبەر شافعییەکان بڕژێنێت، بۆیە لەپاڵ نەفرەتکردن لە شیعە، بە فرمانی کێندەری نەفرەت لە ئەشعەری ئیمامی شافعییە ئەشعەرییەکان کراوە، ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی شافعییەکان (ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٨، ٢٣٣).

سەبارەت بەهۆکاری ئەم هەڵوێستەی وەزیری سەلجووقییەکان (ابن الجوزی) دەڵێت (کاتێک کتێبی مقالات الاشعری پیشانی توغروڵ بەگ دراوە، گوتوویەتی ئەمە کەی مەزهەبە، بۆیە فەرانیداوە لەگەڵ ڕافیزەکان نەفرەت لە ئەشعەریش بکرێت (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٥، ٣٤٠). ئەگەر ئەم گێڕانەوەی (ابن جوزی) دروستبێت و لەسەر ئەم بنچینەیە دەشێت

هۆکاری پشت ئەو نەفرەتکردنەی شافعییەکان بگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی ئەشعەری بۆ قورئان و سیفاتەکانی خودا. بەپێی گێرانەوەی یەکێکی دیکە لە شەرعزانەکانی حەنەفی بێت، توغروڵ بەگ دوای بینینی کتێبەکەی ئەشعەری، گوتوویەتی ئەشعەرییەکان لە موعتەزیلە داهێنەرترن، چونکە موعتەزیلە داندەنێن کە قورئان کتێبێکە، بەڵام دروستکراوی خودایە، بەڵام ئەشعەرییەکان ڕەتی ئەمەش دەکەنەوە (ابن تغری بردی، د.س، ج٥، ٥٤). لە بەرانبەر ئەو هێرش و پەلاماردانانەی بۆسەر مەزهەبەکەیان، (الامام الحرمین ابی القاسم القشیری م.٤٦٥ك/ ١٠٧٢ز)، هەستا بە نووسینی کتێبێک بە ناونیشانی (شكاية اهل السنة نالهم من المحنة). وەکو کاردانەوەیەک بەرانبەر ئەو سوکایەتییانەی بە ئەشعەری کراوە (ابن عساکر، ١٤٠٤، ١٠٨).

سەبارەت بە هۆکاری ئەو کردارەی کێندەری (بارتۆڵد م.١٩٣٠ز) دەیگەڕێنێتەوە بۆ بەکارهێنانی زانستی کەلام لەلایەن ئەشعەرییەکان لە وەڵامدانەوەی دژەکانیان، بە تایبەت ڕافیزەکان، ئەمەش قەبوڵکراونەبوو لای سەلجووقییەکان، چونکە زانستی کەلام کلتووری یۆنانییە بتپەرستەکان بوو (بارتولد، ١٩٩٦، ١٢٧). لەبەر دوو هۆکار ئەم قسەیەی بارتۆڵد پێناچێت لە ڕاستییەوە نزیک بێت. یەکەم سەلجووقییەکان لە فروعدا خۆیان مەزهەبیان حەنەفی بوو (ابن عساکر، ١٤٠٤، ١٠٨؛ ادوارد، ١٩٥٣، ٢١١)، بەڵام بیروباوەڕی ڕەوتی (ابو منصور ماتورید م. ٣٣٣ك/ ٩٣٤ز) هەبوو (جولدتسهر، ٢٠١٣، ١١١) ، کە بەهەمان شێوەی ئەشعەرییەکان ڕێبازی عەقڵی و کەلامی بەکاردێنن لەکاتی گفتوگۆ و بەرگریکردن لە بۆچوونەکانیان (ابو منصور الماتوریدی، ٢٠٠٥، ج١، ٨٢-٩٢؛ ابن خلدون، ٢٠٠١، ٥٠١). دووەم ئەو سەردەمە تەنها دژایەتیی ئەشعەرییەکان نەکراوە کە بەپێی قسەی براتۆڵد لەبەر بەکارهێنانی ڕێبازی عەقڵی بووە، بەڵکو دژایەتیی زۆری حەنبەلییەکان کراوە، لەکاتێکدا ئەوان بەهەموو شێوەیەک ناکۆکن لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێبازی عەقڵی و

کەلامی (ابو الفتوح بدوی، ١٩٨٨، ١١١). لە ڕاستیدا هۆکارەکە پەیوەستبوو بە دەمارگیریی مەزهەی و ناکۆکییان لەسەر پرسگەلێکی بیروباوەڕی.

گۆشەگیرکردن و سوکایەتیکردن بە لایەنگرانی شافعی مەزهەبییەکان بەردەوامبوو تا ئەو کاتەی ئەلەب ئەرسەلان (٤٥٥-٤٦٥ک/ ١٠٦٤-١٠٧٢ز) هاتە سەرحوکم، هەرچەندە خۆی حەنەفییەکی توندبوو (بارتولد، ١٩٩٦، ١٢٧)، بەڵام یەکێک لە شافعی ئەشعەرییەکانی کرد بە وەزیری خۆی بە ناوی (نظام الملك ٤٥٥-٤٨٥ک/ ١٠٦٣-١٠٩٢ز)، ئەمەش بوو بەهۆی کۆتاییهێنان بەو فشار و هێرشانەی بەرانبەر شافعییەکان دەکرا، بۆیە بەرانبەر موعتەزیلە و حەنبەلییەکان وەستانەوە و کەوتنە ململانێی قووڵ (جولدتسهر، ٢٠١٣، ١٢١)، بەهۆی پشتگیریی دەسەڵاتی ساسییەوە دەرفەتیان بۆ ڕەخسا کە لە سەرتاسەری ناوچەکانی عەباسی برەو بە مەزهەبەکەیان بدەن و سەردەمەکەش بە سەردەمی زێڕینی ئەشعەرییەکان دادەنرێت (ابن عساکر، ١٤٠٤ھ ١٠٨_ ١٠٩).

لە ساڵی (٥٤٤ک/ ١١٤٩ز) بەدواوە سەردەمی باڵادەستیی حەنبەلییەکان دەستپێدەکاتەوە، بەهۆی پشتگیریی دەسەڵاتی عەباسییەکان بە تایبەت هەردوو خەلیفە (المقتفی و المستنجد ٥٤٤-٥٦٠ک/ ١١٤٩-١١٦٥ز) توانییان چەندین قوتابخانەی حەنبەلی لە بەغداد و ناوچەکانی تر دابمەزرێنن. ئەم نزیکبوونەوەی حەنبەلییەکان لە دەسەڵات بەهۆی وەزیرێکی عەباسییەکانەوە بوو بە ناوی (یحیی بن هبیرة ٥٤٤-٥٦٠ک/ ١١٤٩-١١٦٥ز)، کە خۆی شەرعزانێکی مەزهەبەکە بوو. بە هاوکاری و پاڵپشتیی ئەو وەزیرە، شەرعزان و فەقیهانی حەنبەلی دژی نەیارەکانیان کەوتنەخۆ، لە ڕێگەی نووسین و کتێبەوە وەڵامی دژەکانیان دەدایەوە، لەوبارەیەوە کتێبێکی نووسی بە ناوی (اخلاف الائمة العلماء) (ابن هبیرة الشیبانی، ٢٠٠٢، ج١، ٧). هەروەها لە ساڵی (٥٥٥ک/ ١١٦٠ز) (ابن هبیرة) هەستا بەدەستگیرکردنی (القاضی ابن المرخم) کە یەکێکبووە لە زانا و

کەلامناسەکانی سەردەمەکەی، سەرجەم کتێبەکانیماڵەکەی لە نێویاندا کتێبی (الشیفا)ی ئیبن سینا و (الرسائل اخوان الصفا) سووتێندران (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٨، ١٤٠-١٤١؛ ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٩، ١٩٣). ئەم وەزیرە بە جۆرێک دەستگیرۆیی حەنبەلییەکانی دەکرد دژی مەزهەبەکانی تر کە ڕێگریکرد لە (ابو الفضائل بن شقران م.٥٦١ک/ ١١٦٥ز) کاتێک هەوڵیدا بۆ بڵاوکردنەوە و برەودان بە مەزهەبی ئەشعەری (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٨، ١٧٣).

ململانێی نێوخۆیی سوننە لە وڵاتی ئەندەلوس جیاوازبوو لە ناوچەکانی بەغداد، ململانێکان لە نێوانی مالیکی و مەزهەبی زاهیری لەلایەک و مالیکی و شافعیی ئەشعەری چڕبوویەوە. ئاشکرایە لە سەردەمانی زوو مەزهەبی مالیکی لە وڵاتی ئەندەلوس باڵادەستبوو (قاضی عیاض، ١٩٨٣، ج٣، ١١٤). بۆیە بە پشتگیریی دەسەڵاتی سیاسی ڕووبەڕووی هەموو ئەو ڕەوت و مەزهەبانە بوویەوە کە لە ناوچەکە سەریاندەرهێناوە (ابن حزم، ١٩٨٧، ج٢، ٢٢٩). بەهۆکاری ئەوەی کە مەزهەبی زاهیری تێڕوانین و لێکدانەوەکانی لەسەر بنچینەی دەق و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە چاولێکەری و تەقلید، تەئویل، قیاس، بۆچوون و هەر شتێک کە کاربکاتە سەر دوورکەوتنەوە لە سروشتی مانای دەرەکی نەک ناوەکیی دەق بە لادان و تاوان دەزانی، بۆیە لەلایەن مەزهەبەکانی دیکەوە کەوتە بەر ڕەخنە و بە داهێنەر (البدع) ناوزەندیانکرد (بڕوانە: ابن حزم، ١٩٦٠، ص٥٠-١٢٠).

لایەنێکی تری ململانێ بریتیبوو لە ململانێی نێوان مالیکی و ئەشعەرییەکان، دوای بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی ئەشعەری لە وڵاتی ئەندەلوس بەهۆی گەشتی زانستیی چەند زانایەک بۆ ڕۆژهەڵات، کێشە و ناکۆکیی توند و قووڵ لە نێوانی شەرعزانەکانی هەردوو لایەن سەریانهەڵدا. مرابتین کە پشتگیریکاری تەواوی مەزهەبی مالیکی بوون،

دەسەڵاتی خۆیان بەکارهێناوە بۆ فشار و ڕاوەدوونانی لایەنگرانی مەزهەبەکانی تر، لەسەر ئەو بنچینەیە کەوتنە پشکنینی بیروباوەڕی خەڵکی، هەر کەسێک کە شوێنکەوتەی مەزهەبەکانی تر بوایە ڕاوەدوودەنرا، بە تایبەت لایەنگرانی ئەشعەری و زاهیری (المراکشی، ٢٠٠٦، ١٣١). بۆیە لە سەردەمی سوڵتانی مورابتین (علی بن یوسف بن تاشفیت ٥٠٠-٥٣٧ک/ ١١٠٦-١١٤٣ز) قازیی شاری قورتوبە (ابن حمدین م.٥٠٨ک/ ١١١٤ز) فەتوای سووتاندنی کتێبەکانی غەزالییان دەرکرد، لە بەرانبەردا کۆمەڵێک لە فەقیهان لە دیارترینیان (ابو الحسن البرجی م. ٥٠٩ک/ ١١١٥ز) فەقیهناسی شاری مەریە ناڕەزاییان بەرانبەر ئەو فەتوایە دەربڕی و بە پاساوی سووتاندنی ماڵی موسڵمانان تاوان و ناڕەوایە، بۆیە بڕیاریاندا بە دوورخستنەوەی لە ئەنجوومەنی شورا (ابن الابار، ١٩٨٩، ٢٧١-٢٧٢). سەردەمی مورابتین سەردەمی باڵادەستیی فەقیهان و شەرعزانەکانی مەزهەبی مالیکی بوو، ئەوان زۆر لە دەسەڵاتەوە نزیکبوون. (المراکیشی م.٦٤٧ک/ ١٢٤٩ز) دەڵێت "هیچ کەسێک بە ئەندازەی زانایانی فروع [فقهی مالیکی] لە ئەمیری موسڵمانان [ئەمیری موراِبتین] نزیک نەبووە، تەنها کاری بە کتێبەکانی مەزهەبی مالیکی کردووە، بە جۆرێک سەیرکردنی کتێبەکەی خودا و فەرمودەی پێغەمبەر دروودی خوای لێبێت لەبیرچووە، ڕەچاوی هیچ کەسێکی بەناوبانگیان نەکردووە، هەر کەسێک زانستی کەلامی خوێندبێت، تەکفیریان کردووە (المراکشی، ٢٠٠٦، ١٣١). موراِبتین وەکو دەسەڵاتێکی مالیکی مامەڵەیان لەگەڵ دەقەکان کردووە بەبێ گەڕانەوە بۆ پاشخانی هزری و بیرکردنەوەی زۆر، بۆیە دژایەتیی زانستی کەلامیان کردووە (الذهبی، ٢٠٠٣، ج١١، ٦٧٢). هەروەکو (ابن حزم) بڕوای وایە ئەمەش هۆکاربووە کە وڵاتی ئەندەلوس دووربێت لە جیاوازیی هەزهەبیی زۆر وەکو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات (ابن حزم، ١٩٨٧، ج٢، ١٨٦).

کاتێک سەردەمی موحدین هاتەپێشەوە بەهۆی تایبەتمەندییەکانی بیروباوەڕی دامەزرێنەرەکەیان (ابن تومرت م.٥٢٤ک/ ز١١٢٩)، کە بابەتی تەئویلی دەقەکانی سەبارەت بە سیفاتەکانی خودا لە ئەشعەرییەکانەوە وەرگرت (ابن العربی، ١٩٨٦، ٤٢-٤٣). هەندێ لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە خەلیفەی موحدین لەسەر بیروباوەڕی ئەشعەری بوو بە تایبەت لە تەئویلکردنی دەقەکان (ابن صاحب الصلاة، ١٩٨٧، ١٦٠-١٦١). گەورەترین تۆمەت لەلایەن (ابن تومرت) ئاراستەی موڕابتین کرا، ئەوەبوو کە ئەوان خودا لە مەخلوقدا بەرجەستە دەکەن، بۆیە جیهادی لەدژی ئەو بیروباوەڕە ڕاگەیان، بەمەش فەقیهان و زانایانی مالیکی کەوتنە بەرهێرش و پەلاماری موحدین (ابن تومرت، ٢٠٠٧، ٢٤٤؛ البیذق، ١٩٧١، ٩٠-٩١). بە پێچەوانەی سەردەمی موڕابتین کە گرنگی دەدرا بە زانستی فروع، لە سەردەمی موحدین (علم الاصول) گەشەیکرد، بەدیاریکراوی تەئویکردنی سیفاتەکانی خودا (ابن تومرت، ٢٠٠٧، ٢٧١-٢٧٢؛ کنون، ١٩٦٠، ج١، ١٢١). ئەگەر موڕابتین بە سووتاندنی کتێبەکانی ئوسوڵ بەناوبانگبن، ئەوا موحدین هەڵمەتی سووتاندنی کتیبەکانی فروعی مالیکیان دەستپێکرد (الناصری، ١٩٩٧، ج٢، ١٢٥).

ئەگەر دۆخی ناکۆکیی نێوخۆیی مەزهەبی سوننە لە نێوان بەغداد و ئەندەلوس سەرنجبدەین، هەست بەوە دەکەین کە بەهۆی ئەوەی ناوچەکانی بەغداد کانگای سەرهەڵدانی مەزهەب و ڕەوتە جۆراوجۆرەکان بووە، بۆیە ناکۆکی و ململانێی مەزهەبیش توندتر و تۆختر بووە. زۆرجار ناکۆکییە مەزهەبییەکان لە هەردوو ناوچە بە بەرژەوەندییە ساسییەکانەوە گرێدرابوون. دەسەڵات و لایەنە ساسییەکان لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان هەوڵیانداوە لە قۆناغێک لە قۆناغەکان بەپێی هینانەکایەی ئامانجی سیاسی، پاڵپشتیی مەزهەبێکی دیاریکراو بکات، هەروەکو چۆن سەلجووقییەکان پاڵپشتیی تەواوی ئەشعەرییان کرد، بەهۆی زۆربوونی مەترسیی موعتەزیلە و شیعەی باتینی (ابن عساکر، ١٤٠٤هـ ١٠٨_ ١٠٩؛ جولدتسهر،

٢٠١٣، ١٢١). لە کاتێکدا خۆیان دەمارگیریی زۆریان بۆ مەزهەبی ماتوریدی حەنەفی هەبوو (بدوی، ١٩٨٨، ١٠٩)، بەڵام لەبەر مەترسی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و بەرژەوەندییەکانیان ئامادەبوون ببن بە هاوپەیمانی ئەو ڕەوتەی کە پێشووتر زۆرترین دژیایەتییانکرد (ابن الاثیر، ٢٠١٣، ج٨، ٢٣٣). بەهەمان شێوە کاتێک موحدین وەکو دەسەڵاتێکی تازە لە بەرانبەر موڕابتین ڕاستبوویەوە، هەوڵیدا لە ڕێگەی ململانێی مەزهەبییەوە دەسەڵاتی موڕابتین کۆتاییپێبێنێت. لەبەر ئەوەی کە فەقیهانی مالیکی هاوپەیمان و ڕاگری دەسەڵاتی موڕابتین بوون (المراکشی، ٢٠٠٦، ١٣١). ئاسان نەبوو پشتگیریی دەسەڵاتی موحدین بکەن و دانبنێن بە شەرعیەتی بوونیان. بۆیە خەلیفەی موحدین (ابن تومرت) لە یەک کاتدا پەنای بۆ دوو مەزهەب بردووە، کە ناکۆک و ناتەبابوون لەگەڵ مالیکی. یەکەمیان، بەکارهێنان و سوودبینین لە مەزهەبی زاهیری و دووەمیان سوودبینین لە بیروباوەڕی ئەشعەری و پشتگیریکردنی بۆ دژایەتیکردنی مالیکی مەزهەبەییەکان و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتەکەیان (النجار، ١٩٨٣، ٣٥٦-٣٦٣).

## ئەنجام

ناکۆکی و ململانێی نێوخۆی موسڵمانان لە قۆناغی سەرەتادا پەیوەستبووە بە کێشەی سیاسییەوە، کە ناودەبرێت بە پرسی خیلافەت یان ئیمامەت. پاشان بەتێپەڕبوونی کات ئەو پرسە ڕەهەندی ئاینی وەرگرت و دابەشبوون بەسەر چەندین ڕەوت و مەزهەبی جیاواز.

ناکۆیی نێوان سوننە لەگەڵ ڕەوت و مەزهەبەکانی وەکو موعتەزیلە و شیعە لە بەغداد توندتربووە بە بەراوورد لەگەڵ ئەندەلوس، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەغدا ناوەندی لەدایکبوونی ئەم جیاوازییە مەزهەبی و ڕەوتە هزرییانە بووە، شیعە و موعتەزیلە بە لاوازی لە ناوچەکانی ئەندەلوس دەرکەوتوون، بۆیە ململانێکانیش کاڵتر بوونە.

بەریەککەوتنی نێوان سۆفی و سوننە لە هەردوو ناوچەی لێکۆڵینەوەکە قووڵبووە. تەنها جیاوازییەکە لەوەدا چڕبووەتەوە کە لە ناوچەکانی ئەندەلوس سۆفیگەری لە قۆناغی گۆشەگیریی دونیا و خووگرتن بە پەرستشەکانەوە پەڕیوەتەوە بۆ بەشداریی چالاکیی سیاسی و خواست بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات، لەژێر ئەم ئامانجانەش چەند شۆڕشێکی سۆفیگەری دەرکەوتوون، بە تایبەت لە سەردەمی مورابتین و موحدین.

ناکۆکیی خۆبەخۆی سوننە لە ناوچەکانی بەغدا زیاتر لە نێوان حەنەفی و شافعی، شافعی و حەنەبلی چڕبووەتەوە، کەچی لە ئەندەلوس لە نێوان مالیکی و زاهیری کورت هەڵاتووە، بە لاوازیش لە نێوان مالیکی و شافعی ئەشعەری.

لە هەر دوو ناوچەکەدا بەغداد و ئەندەلوس دەسەڵاتی سیاسی هەوڵیداوە ناکۆکییە ئاینییەکان لە بەرژەوەندیی خۆی وەرچەرخێنێت، بۆیە

بەپێی هاتنەدیی ئەو ئامانجانە پشتگیری لایەنێکیان کردووە دژی لایەنێکی تر.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان


- ابن ابى يعلى الفراء (ت.٥٢٦هـ/ ١١٣١ز):
- طبقات الحنابلة، نح: محمد حامد الفقى، دار المعرفة، (بيروت، د.س).
- ابن الابار، محمد بن عبدالله بن ابى بكر البلنسى (ت. ٦٥٨هـ/ ١٢٥٩م):
- المعجم فى اصحاب القاضى الامام ابى على الصدقى رضى الله عنه، دار صادر، (بيروت، ١٨٨٥).
- الحلة السيراء، تح: حسين مؤنس، ط٢، دار المعارف، (القاهرة، ١٩٨٦).
- التكملة لكتاب الصلة، تح: عبدالسلام الهراس، (دار الفكر للطباعة، (بيروت، ١٩٩٥).
- تحفة القادم، تح: احسان عباس، دار الغرب الاسلامى، (بيروت، ٢٠٠٦).
- ابن الاثير،عزالدين بن على (٦٣٠هـ/ ١٢٣٣م):
- الكامل في التاريخ، تح: عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتب العربي، (بيروت، ١٩٩٧م).

- ابن الجوزى جمال ابو الفرج عبدالرحان بن علي بن محمد (ت.٥٩٧هـ/ ):
- المنتظم في تاريخ الامم والملوک، تح: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٩٢).
- تلبيس ابليس، دار الفكر للطباعة والنشر، (بيروت، ٢٠٠١).
- ابن الحزم الاندلسى (ت.٤٥٦هـ/ ١٠٦٣م):
- ملخص ابطال القياس والرأى والاستحسان والتقليد والتعليل، تح: سعيد الافغانى، مطبعة جامعة دمشق، (سوريا، ١٩٦٠).
- جهرة انساب العرب، تح: عبدالسلام محمود هارون، ط٦٠، دار المعارف، (القاهرة، ١٩٨٤).
- رسائل، تح:احسان عباس، ط٢، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، (بيروت، ١٩٨٧).
- الفصل فى الملل والاهواء والنحل، تح: محمد ابراهيم نصر و عبدالرحمان عميرة، ط٢، دار الجيل، (بيروت، ١٩٩٦).
- الاحكام فى اصول الاحكام، تح: احمد محمود شاكر، ط٢، دار الافاق الجديد، (بيروت، ٢٠٠٨).
- ابن العربي، محمد بن عبدالله ابوبكر العربي المعافري (ت. ٥٤٣ک/ ١١٤٨م):
- قانون التاويل، تح: محمد السليمانى، مؤسسة علوم القران، (سوريا، ١٩٨٦)، ص٤٩-٥٠.

- العواصم من القواصم فى تحقيق مواقف الصحابة بعد وفاة النبى صلى الله عليه وسلم، تح: محب الدين خطيب، وزارة الشؤون الاسلامية والاوقاف والدعوة والارشاد المملكة العربية السعودية، (السعودية، ١٤١٩هـ).

- ابن الفرضي، عبدالله بن محمد بن يوسف (ت.٤٠٣هـ/ ١٠١٢م):.

- تاريخ علماء الاندلس، تح: ابراهيم الابيارى، دار الكتب المصرى، (القاهرة، ١٩٨٩).تنت

- ابن بشكوال، القاسم خلف الانصارى (ت. ٥٧٨هـ/ ١١٨٣م):

- الصلة فى تاريخ الائمة الاندلس، تح: السيد عزت العطار الحسينى، ط٢، مكتبة الخانجى، (القاهرآة، ١٩٥٥).

- ابن تغرى بردى، ابو المحاسن يوسف (ت. ٨٧٤هـ/ ١١٤٧٠م):

- النجوم الظاهرة في ملوك مصر والقاهرة, دار الكتب, (مصر, د.س).

- ابن تومرت (ت. ٥٢٥هـ/ ١١٢٩م):

- اعز ما يطلب، تح: عمار طالبى، سحب للطباعة الشعبية للجيش، (الجزائر، ٢٠٠٧).

- ابن تيمية، احمد بن عبدالحميد بن عبدالسلام (م.٧٢٨هـ/ ١٣٢٨م):

- منهاج السنة النبوية فى نقص كلام الشيعة و القدرية، تح: محمد رشاد سالم، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، (رياض، ١٩٨٦).

- ابن جعفر العسقلانى (ت. ٨٥٢هـ/ ١٤٤٨م):

- لسان الميزان، تح: دائرة المعروف النضامية- هند، مؤسسة الاعلى للمطبوعات، (بيروت، ١٩٨٦).

- ابن خلدون، عبدالرحمان بن محمد (ت. ٨٠٨هـ/ ١٤٠٦م):

- المقدمة، تح: احمد الزعبى، دار ارقم، (بيروت، ٢٠٠١).

- شفاء السائل لتهذيب المسائل، تح: محمد بن تاديت الطنجى، (استانبول، ١٩٥٧).

- ابن شاكر، صلاح الدين محمد بن شاكر بن احمد بن احمد بن عبدالرحمان با شاكر (ت. ٧٦٤هـ/ ١٣٦٢م):

- فوات الوفيات، تح: احسان عباس، دار صادر، (بيروت، ١٩٧٤).

- ابن صاحب الصلاة (ت. ٥٩٤هـ/ ١١٩٨م):

- المن بالامامة تاريخ بلاد المغرب والاندلس فى عهد الموحدين، تح: عبدالهادى التازى، ط٣، دار الغرب الاسلامى، (بيروت، ١٩٨٧).

- ابن عذارى (ت. ٦٩٥هـ/ ١٢٩٥م):

- البيان المغرب فى اخبار الاندلس والمغرب، تح: ج.س كولان و ليفى بروفنسال، ط٢، دار الثقافة (بيروت، ١٩٨٣).

- ابن عربى، محى الدين محمد بن على (ت. ٦٣٨هـ/ ١٢٤٠م):

- الفتوحات المكية، تح: احمد شمس الدين، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٩٩)، ج١، ص٢٢٦.

- فصوص الحكم، تح: ابو العلاء عفيفى، انشارات الزهرا، (ايران، ١٩٨٧).

- ابن عساكر، ابو القاسم على بن الحسن الدمشقى (ت. ٥٧١هـ/ ١١٧٦ز):
- تبيين كذب المفترى فيما نسب الى الامام ابى الحسن الاشعرى، دار الكتب العربى، ط٣، (بيروت، ١٤٠٤ه).
- ابن قتيبة، عبدالله بن موسلم الدينورى (ت. ٢٧٦هـ/ ٨٨٩م):
- تاويل مختلف الحديث، تح: محمد زهرى النجار، دار الجيل، (بيروت، ١٩٧٢).
- ابن قدامة، عبدالله بن محمد بن احمد (ت.٦٢٠هـ/ ١٢٢٣م):
- حكاية المناظرة في القران مع يعض اهل البدع، تح: عبدالله يوسف الجديع، مكتبة الرشيد، (الرياض، ١٤٠٩هـ).
- ابن هبيرة الشيبانى، ابى مظفر بن يحيى بن محمد (ت. ٥٦٠هـ/ ١١٦٥م)، اختلاف الائمة العلماء، تح: السيد يوسف احمد، دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠٢).
- ابو العباس الونشرينى، احمد بن يحيى، (ت. ٩١٤هـ/ ١٥٠٩م)):
- المعيار المعرب والجامع المغرب عن فتاوى اهل افريقية والاندلس والمغرب، تح: محمد حجى والاخرون، دار الغرب الاسلامى، (المغرب، ١٩٨١).
- ابو الفيداء، اسماعيل بن على بن محمود (ت. ٧٣٢هـ/ ١٣٣١م):
- المختصر فى اخبار البشر، مطبعة الحينية، (المصر، د.س).
- ابو القاسم القشيرى (م. ٤٦٥ک/ ١٠٧٢ز):

- الرسالة القشيريه، تح: خليل منصور، دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠١).

- ابو المظفر الاسفرايني: طاهر بن محمد (٤٧١هـ/ ١٠٧٨م):

- التبصير فى الدين والتميز الفرقة الناجية عن الفرقة الهالكين، تح: كمال يوسف الحوت، العالم الكتب، (لبنان، ١٩٨٣).

- ابو نصر السجزي، عبدالله بن سعيد بن حاتم (ت.٤٤٤هـ/ ١٠٥٢م):

- رسالة السجزي الى اهل زبيد في الرد على من انكر الحروف والصوت، تح: محمد با كريم با عبدالله، عمادة البحث العلمي بالجامعة الاسلامية، (المدينة المنورة، ٢٠٠٢).

- ابى بكر البيذق (ت. ٥٥٩هـ/ ١١٦٤م):

- اخبار المهدى بن تومرت، دار المنصور، (الرباط، ١٩٧١).

- الاشعرى، الحسن بن الحسين بن على اسماعيل (ت. ٣٢٤هـ/ ٩٣٥م):

- مقالات الاسلاميين ختلاف المصليين، تح: محى الدين عبدالحميد، مكتبة العصرية للطباعة والنشر، (بيروت، ١٩٩٠).

- الباقلانى، ابو طاهر احمد بن الحسن الكرجي (ت.٤٨٩هـ/ ١٠٩٦م):

- ف، تح: عبدالعزيز بن محمد ال عبداللطيف، مجلة جامعة ام القرى لعوم الرعية واللغة العربيه وادابها، ج١٨، عدد ٣٩، (المكة، ١٤٢٧هـ).

- البغدادى، عبدالقاهر بن طاهر (ت.٤٢٩هـ/ ١٠٣٧م):

- الفرق بين الفرق، تح: محمد محى الدين عبدالحميد، دار الطلائع، (القاهرة، ٢٠٠٩).
- البيرونى، ابو ريحان محمد بن احمد (ت. ٤٤٠هـ/ ١٠٤٨م):
- الجماهر فى معرفة الجواهر، تح: يوسف الهادى، شركة لنشر العلمى والثقافى، (طهران، ١٩٩٥).
- تقى الدين الفاسى (ت. ٨٣٢هـ/ ١٤٢٩م):
- العقيدة الثمن فى تاريخ البلد الامين، تح: محمد حامد الفيقى، مؤسسة الرسالة، ط٢، (بيروت، ١٩٨٦).
- الحميدى، محمد بن فتوح بن عبدالله الازدى (ت.٤٨٨هـ/ ١٠٩٥م):
- جذوة المقتبس فى تاريخ علماء الاندلس، تح: بشار عواد معروف و محمد بشار عواد، دار الغرب الاسلامى، (تونس، ٢٠٠٨).
- الحميرى، ابو عبدالله محمد بن عبدالله (م.٩٠٠هـ/ ١٤٩٤م):
- الروض المعطار فى الاقطار، تح: احسان عباس، دار السراج، (بيروت، ١٩٨٠).
- الذهبى، شمس الدين ابو عبدالله (ت.٧٤٨هـ/ ١٣٤٧م):
- تاريخ الاسلام، ووفيات المشاهير والاعلام، تح: بشار عواد معروف، دار الغرب الاسلامى، (بيروت، ٢٠٠٣).
- سير اعلام النبلاء، تح: الشيخ شعيب الارناؤوط واخرون، ط٣، مؤسسة الرسالة، (القاهرة، ١٩٨٥).

- الزكلى، خيرالدين بن محمد المشقى (ت. ١٣٩٦هـ/ ١٩٧٦م):
- الاعلام، ط١٥، دار العلم للملايين، (بيروت، ٢٠٠٢).
- سبط ابن الجوزى، شمس الدين يوسف (ت. ٦٥٤هـ/ ١٢٥٦م):
- مراة الزمان فى تواريخ الاعيان، تح: محمد الحسن و كامل محمد الخروط، دار الرسالة العلمية، (بيروت، ٢٠١٣)
- السبكى، تاج اليد بن عبدالوهاب (ت. ٧٧١هـ/ ١٣٦٩م):
- طبقات الشافعية الكبرى، محمود محمد الصناجى و عبدالفتاح محمد الحلو، ط٢، هجرة للطباعة والنشر والتوزيع، (د.م، ١٤١٣هـ).
- السجزى، ابو نصر عبدالله بن سعيد بن حاتم (ت. ٤٤٤هـ/ ١٠٥٢م):
- رسالة السجزى الى اهل زبيد فى الرد على من انكر الحرف الصوت، تح: محمد با كريم با عبدالله، ط٢، عمادة البحث العلمى بالجامعة الاسلامية، (المدينة المنورة، ٢٠٠٢).
- الشريف المرتضى، على بن الحسين الموسوى (ت.٤٣٦هـ/ ١٠٤٤م):
- الشافى فى الامامة، تح: عبدالزهراء الحسينى الخطيب، ط٢، مؤسسة الصادق للطباعة والنشر، (طهران، ٢٠٠٦).
- الشهرستانى، محمد عبدالكريم (م. ٥٤٨هـ/ ١١٥٣م):
- الملل والنحل، تح: سعيد الغامدي، منشورات الجمل، (بيروت، ٢٠١٣).
- الصومعى، احمد التادلى (ت١٠١٢هـ/ ١٦٠٤م)

- كتاب المعزى فى مناقب الشيخ يعزى، تح: على الجادى، مطبعة المعارف الجديدة، (الرباط، ١٩٩٦)، ص٢٠٠.
- الطوسى، ابى نصر بن على السراج (م. ٣٧٨هـ/ ٩٨٨م)
- اللمع، تح: عبدالحليم محمود و طه عبدالباقى سرور، دار الكتب الحديثة، (مصر، ١٩٦٠).
- عفيفى،ابو العلاء:
- التصوف الثورة الروحية فى الاسلام، دار الشعب، (بيروت، د.س).
- الغزالى، ابو حامد محمد (ت. ٥٠٥هـ/ ١١١١م):
- احياء علوم الدين، دار منهاج، (السعودية، ٢٠١١).
- تهافت الفلاسفة، تح: سليمان دنيا، ط٢، دار المعارف، (القاهرة، ١٩٦٦).
- فضائح الباطنيه، تح: عبدالرحمان بدوى، مؤسسة الكتب الثقافة، (القاهرة، ١٩٦٤).
- القاضى عبدالجبار واخرون (٤١٥هـ/ ١٠٢٥م):
- فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة، تح: فؤاد سيد، دار الفارابى، (بيروت، ٢٠١٧).
- القاضى عياض، عياض بن موسى بن عياض السبتي (ت. ٥٤٤هـ/ ١١٤٩م):
- ترتيب المدارك وتقريب المسالك المعرفة اعلام المذهب مالك، تح: سعيد احمد اعراب، ط٢، مطبعة فضالة، (المغرب، ١٩٨٣).

- الكلينى، محمد بن يعقوب (ت. ٣٢٩هـ/ ٩٤٠م):
- اصول الكافى، منشورات الفجر، (بيروت، ٢٠٠٧).
- اللمع، تح: عبدالحليم محمود و طه عبدالباقى سرور، دار الكتب الحديثة، (مصر، ١٩٦٠).
- الماتريدى، ابو منصور محمد بن محمد بن محمود (ت. ٣٣٣هـ/ ٩٣٤م):
- تفسير الماتريدى، تح: مجدى باسلوم، دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠٥).
- المحاسبى، ابى عبدالله حارث بن اسد (ت. ٢٤٣هـ/ ٨٥٧م):
- الوصاية، تح: عبدالقادر احمد عطا، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٨٦).
- المراكشى، محمد عبدالواحد بن على (ت.٦٤٧هـ/ ١٢٥٠م):
- المعجب فى تلخيص اخبار المغرب من لدن فتح الاندلس الى اخر عصر الموحدين، تح: صلاح الدين الهوارى، مكتبة العصرية، (بيروت، ٢٠٠٦).
- الناصرى، امحد بن محمد (ت.١٢٥٠هـ/ ١٨٣٥م)
- الاستقصا لاخبار دول المغرب الاقصى، تح: جعفر الناصرى و محمد الناصرى، دار الكتاب، (المغرب، ١٩٩٧).
- النبختى، الحسن بن موسى (ق.٣هـ/ ٩م):
- فرق الشيعة، منشورت الرضا، (بيروت، ٢٠١٢).
- الهجيرى، ابو الحسن بن على بن عثمان، (ت.٤٦٥هـ/ ١٠٧٢م):

- كشف المحجوب، تر: السعادة عبدالهادى قنديل، مجالس الاعلى للثقافة، (القاهرة، ٢٠٠٧).

- ياقوت الحموى، شهاب الدين ابو عبدالله (ت. ٦٢٦هـ/ ١٢٢٩م):

- معجم البلدان، بيروت، ١٩٩٥).

**دووەم: ژێدەرەکان**

- ابو الفتوح بدوى، عبدالمجيد:

- التاريخ السياسى والفكرى للمذهب السنى فى المشرق الاسلامى من القرن الخامس الهجرى حتى سقوط بغداد، ط٢، دار الوفاء، (القاهيرة، ١٩٨٨).

- ادوارد، براون:

- تاريخ الادب فى ايران من السعدى الى الفردوسى، تر: ابراهيم امين الشواربى، مطبعة بسبان عصر، (د.م، ١٩٥٤).

- باتولد:

- تاريخ الترك فى اسيا الوسطى، تر: احمد السعيد سليمان، هيئة المصرية العامة للكتاب، (القاهرة، ١٩٩٦).

- بالنيثا، جثالث:

- تاريخ الفكر الاندلسى، تر: حسن مؤنس، مكتبة الثقافة الدينية، (القاهرة، ١٩٥٥)، ص١٣١-١٣٢.

- بدوى، عبدالرحمان:

- تاريخ التصوف الاسلامى من البداية حتى نهاية القرن الثانى، الناشر وكالة المطبوعات، (الكويت، ١٩٧٥).
- بدوي، عبدالمجيد ابو الفتح:
- التاريخ السياسي والفكري للمذهب السني في المشرق الاسلامي في القرن الخامس الهجري حتى سقوط بغداد، دار الوفاء، ط٢، (القاهرة، ١٩٨٨).
- بسنباع، مصطفى
- السلطة بين التسنن والتشيع والتصوف بين عصرى المرابطين والموحدين، منشورات الجمعية المغربية للدراسات الاندلسية، (تطوان، ١٩٩٩).
- بوتشيش، ابراهيم القادرى:
- المغرب والاندلس فى عصر المرابطين، دار الطليعة للطباعة والنشر، (بيروت، ١٩٩٣).
- البختى، جمال علال:
- الحضور الصوفى فى الاندلس والمغرب، مكتبة الثقافة الدينية، (القاهرة، ٢٠٠٥).
- التهامى، ابراهيم:
- جهود علماء المغرب فى الدفاع عن عقيدة اهل السنة، مؤسسة الرسالة ناشرون، (دمشق، ٢٠٠٥).

- الجدة، على اسماعيل:
- الظاهر والباطن دراسة الفلسفة الصراع بين الصوفية والفقهاء امكانية اللقاء، د.مط، (القاهرة، ٢٠٠٩).
- جدو، فاطيمة الزهراة:
- السلطة والمتصوفة فى الاندلس عهدين المورابطين والموحدين، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية علوم الانسانية، جامعة القسطنتينة، الجزائر، ٢٠٠٨، ص٥٤-٨٦).
- الجدى، عمر
- مباحث فى المذهب المالكى، دار الهلال العربية، (الرباط، ١٩٩٣).
- جولدتسيهر، ايجناس:
- العقيدة والشريعة فى الاسلام، تر: محمد يوسف موسى واخرون، المركز القومى للترجمة، (القاهرة، ٢٠١٣).
- حافظ، فصل سيد طه:
- الصراع بين الحنفية والشافعية في نيسابور في القرنين الخامس والسادس الهجريين قراءة في الدوافع ومصاهر الحضور، مجلة علمية محكمة، العدد (٧٢)، (ميصر, ٢٠٢٢).
- حلمى، محمد مصطفى:
- الحياة الروحية فى الاسلام، دار الكتب، (بيروت، ٢٠١١).
- سالم، السيد عبدالعزيز:

- تاريخ مدينة المرية الاسلامية، مؤسسة شباب الجامعة، اسكندرية، ١٩٨٤).
- السامرائى، خليل ابراهيم واخرون:
- تاريخ العرب وحضارتهم فى الاندلس، دار الكتب الجديد، (بيروت، ٢٠٠٠).
- عبدالله كنون:
- النبوغ المغربى فى الادب العربى، ط٢، د.ط، (طنجة، ١٩٦٠).
- عنان، محمد عبدالله:
- دولة الاسلام فى الاندلس عصر الاول- قسم الاول من فتح الى بداية عهد الناصر، ط٤، مكتبة الخانجى، (القاهرة، ١٩٩٧).
- فتاح، عرفان عبدالحميد:
- نشاة الفلسفة الصوفية وتطورها، دار الجيل، (بيروت، ١٩٩٣).
- مدكور، ابراهيم:
- فى فلسفة الاسلامية منهج وتطبيقة، ط٣، دار المعارف، (مصر، ١٩٧٦).
- مصطفى، مغزاوى:
- التحولات المذهبية فى المغرب الاسلامى والاندلس خلال العصر الموحدى، اطروحة دكتوراه فى تاريخ الوسيط، المدرسة العلياء للاساتذة، (بوزريعة، ٢٠١٢).

- المقوشى، على بن صالح:

- موقف الامام ابن الجوزى من الصوفية من كتابه تلبيس ابليس، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية الدعوة واصول الدين، قسم العقيدة، جامعة ام القرى، (مكة المكرمة، ١٤١٤هـ)، ص٢٢١-٣٠٠).

- الغامدى، خالد بن ناصر السعيد حسن العبدى

- الصراع العقائدى فى الاندلس بين المسلمين والنصارى، مكتبة الكوثر، (السعودية، ١٤٢٩هـ).

- النجار، عبدالله المجيد:

- المهدى ابن تومرت، دار الغرب الاسلامى، (القاهرة، ١٩٨٣).

**ملخص**

يتناول هذا البحث التنافس والتصارع الديني والمذهبي الذي وقع بين المسلمين خلال القرنين الخامس والسادس الهجريين في كل من بغداد والاندلس ويستعرض العوامل التي كانت وراء المواجهة بينهم والنتائج التي تمخضت عنها، و بمعنى اخر وعلى وجه ادق يهدف البحث الى القاء الضوء على الصراع القائم بيني التيارات الفكرية الثلاثة: العقلانية، النقلانية والعرفانية.

فقد كان التيار النقلاني على خلاف مع التيار العقلاني في كثير من المسائل التي تخص أصول الدين او فروعه من جهة، ووقف في وجه التيار العرفاني، من جهة أخرى ولاشك ان تلك الخلافات والمواجهات تركت اثارا خطيرة على مسار حياة المسلمين وحضارتهم, فمن الناحية الاجتماعية أدت الى صدامات دموية بين اتباع المذاهب المختلفة وخاصة بين السنة والشيعة وبين اهل السنة انفسهم.

ومما يجدر الإشارة اليه ان كل مذهب اتخذ وسائل وسبل مختلفة للنيل من الاخر واضعافه او محوه ان امكن، ومنها على سبيل المثال تكفير الاخر و احراق الكتب التي تروج للفكر و مذهبه. ومن الناحية الفكرية فان تلك الصراعات والمواجهات تركت اثارها على شقين: الاول: التاثير الايجابي الذي يتمثل في تأليف العشرات بل المئات من الكتب الفكرية التي تروج لما يذهب اليه كل مذهب وفي ذالك اغناء للحركة الفكرية. اما الثاني: فهو التاثير السلبي على حضارة المسلمين حيث انشغالهم بأنفسهم وبالأمور الجانبية بدلا عن الاهتمام بالأولويات الحضارية ومقومات بناء الدولة واسس الحضارة مما ترتب عليها الضعف والانحسار الحضاري بالتدريج ثم الانهيار الذي مناص منه.

**Abstact**

This research deals with the religious and sectarian competition and conflict that took place between Muslims during the fifth and sixth centuries AH in Baghdad and Andalusia, and reviews the factors behind the confrontation between them and the results that resulted from them. In other words, and more precisely, the research aims to shed light on the existing conflict between intellectual currents. The three: rationalism, metaphysics, and gnosticism.

The transitionalist current was at odds with the rationalist current in many issues pertaining to the origins of religion or its branches on the one hand, and stood in the face of the mystical current on the other hand. Bloody clashes between followers of different sects, especially between Sunnis and Shiites, and between Sunnis themselves.

It is worth noting that each sect took different means and methods to undermine the other and weaken or erase it if possible, including, for example, the infidelity of the other and the burning of books that promote thought and its sect. From an intellectual point of view, these conflicts and confrontations left their effects on two parts: The first: the positive impact, which is represented in the authoring of dozens or even hundreds of intellectual books that promote what each doctrine goes to, and in that enriches the intellectual movement. As for the second: it is the negative impact on the civilization of Muslims, as they are preoccupied with themselves and with side matters instead of caring about civilized priorities, the elements of building the state and the foundations of civilization, which resulted in weakness and civilizational decline gradually, then the inevitable collapse.